زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر

University of Salahaddin

# گرنگی گۆڤاری منداڵان لەهاوکاری قوتابییانی بازنەی یەکەم بۆ باشتر فێربوونی خوێندنەوەو نووسین (چەند گۆڤارێک) بەنموونە

لێکۆڵینەوەیەکی دەرچوونە، لەبواری پەروەردەیی

پێشکەش بەکۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، بەشی زمانی کوردی، کراوە

وەک بەشێک لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردی


ئامادەکردنی لەلایەن قوتابییان

عبدالسميع قادر حسن

سامرەند مخلص عبدالله

بەسەرپەرشتی

م. نظام حسن رشيد


نیسانی ٢٠٢٤

ناوەڕۆک


| ز | بـــابـــەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | پێشەکی | |
| ٢ | بەشی یەکەم: تەوەری یەکەم: پرۆسەی فێرکاری | |
| ٣ | سیستمی فێرکاری | |
| ٤ | پەروەردە | |
| ٥ | فێرکردن | |
| ٦ | فێربوون | |
| ٧ | بەشی یەکەم: تەوەری دووەم: ڕەگەزەکانی پرۆسەی فێرکاری | |
| ٨ | قوتابخانە | |
| ٩ | مامۆستا | |
| ١٠ | قوتابی | |
| ١١ | پرۆگرامی خوێندن | |
| ١٢ | بەشی یەکەم: تەوەری سێیەم: زمان و لقەکانی زمانی کوردی | |
| ١٣ | پێناسەی زمان | |
| ١٤ | لقەکانی زمان بەگشتی | |
| ١٥ | خوێندنەوە | |
| ١٦ | نووسین | |
| ١٧ | بەشی دووەم: تەوەری یەکەم: ڕۆڵی گۆڤاری منداڵان لەپەروەردەو فێرکردندا | |
| ١٨ | گۆڤاری منداڵان | |
| ١٩ | مێژووی گۆڤار | |
| ٢٠ | پێناسەی گۆڤار | |
| ٢١ | ڕۆڵی گۆڤار | |
| ٢٢ | بەشی دووەم: تەوەری دووەم: نموونەی چەند گۆڤارێک | |
| ٢٣ | دیمانە | |
| ٢٤ | گۆڤاری پەڕەسێلکە | |
| ٢٥ | گۆڤاری پەریستان | |
| ٢٦ | گۆڤاری کۆلارە | |
| ٢٧ | ئەنجام | |
| ٢٨ | سەرچاوە | |
| ٢٩ | پاشکۆ | |

## پێشەکی

پرۆسەی فێرکاری کە بابەتێکی گرنگە و لە ڕابردوودا بەم شێوەیە فراوان نەبووە بەڵام لە ئێستادا لە چوارچێوەیەکی یاسایی دەڕوات بە ڕێوە. بێگومان سەرەتای فێربوونی خوێندنەوە و نووسین لەبازنەی یەکەمەوە دەست پێدەکات. دیارە قوتابخانە ئەو شوێنەیە کە منداڵ تێیدا فێر دەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت چەندین هۆکاری تریش هەبن، یارمەتیدەری پرۆسەی فێربوون بن. بۆ نموونەی بڵاوکراوە و گۆڤاری منداڵان.

لەبەر ئەم هۆکارە، توێژەرەان لەم توێژینەوەیەدا لەژێرناونیشانی ( گرنگی گۆڤاری منداڵان لە هاوکاری قوتابییانی بازنەی یەکەم بۆ باشتر فێربوونی خوێندنەوە و نووسین)، توێژینەوەیەکمان ئەنجامداوە. ئەم توێژینەوەیە باس لەوە دەکات کە چۆن لە ڕێگەی بەکارهێنانی گۆڤاری منداڵان لە بواری فێرکاریدا تاکێکی خوێندەوار بەرهەم دێت ئەم گۆڤارە هەوڵێکە بۆبەرزکردنەوە و باشتر کردنی ئاستی خوێندنەوە و نووسین لە بازنەی یەکەم.

کەواتە گرنگی ئەم ناونیشانە لەوەدایە کە بەهۆی بەکارهێنانی گۆڤار بۆ قوتابییانی بازنەی یەکەم ئارەزووی زیاتری خوێندنەوە و نووسین دەبن بەهۆی ئەو بابەتانەی کە لە گۆڤارەکە باسکراوە، سوودی گۆڤاری منداڵان وا لە قوتابییان دەکات بەدەر لەو وانە و بابەتانەی کە لە قوتابخانەکان دەخوێندرێت بابەتی نوێ و وانەی نوێ فێر بێت ئەویش لە شێوەی چیرۆک یان پەندێک یان باسێک کە سەرنجیان ڕاکێشێت.

ئەمانجمان لە هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە لە وەدایە کە قوتابیانی بازنەی یەکەم کە سەرەتای فێربوونیان زیاتر دەبێ گرنگیان پێبدرێت لە ڕووی خوێندن و نووسیندا بۆیە دەبێت ڕێگەی جیاواز هەبێت بۆ ئەوەی ئارەزووی زۆریان هەبێت بۆ خوێندنەوە و نووسین. گۆڤاریش یەکێکە لەو ڕێگە جیاوازانە کە مامۆستایان دەتوانن بەکاریبهێنن.

سنووری ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ڕووبەرێکی پەروەردەدا کار لەسەر گۆڤار دەکات بۆ قوتابییانی بازنەی یەکەم ئەو گرنگیەی دەخاتە ڕوو کە پێویستە هەبێت لە پرۆسەی خوێندنەوە و نووسیندا.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا جگە لە کەڵک وەرگرتن لەسەرچاوە زانستییەکان کە بەهۆیانەوە چەمکەکان شیکراونەتەوە، هەروەها باس لە چەند گۆڤارێکی تایبەت بە منداڵان کراوە و لەڕێگگەی خستنەڕووی چەند پرسیارێکەوە دیمانەی لەگەڵ سەرنووسەری گگۆڤارەکاندا سازداوە، کە دەقی دیمانەکە خراوەتە ڕوو، هەروەها پرسیارەکان لەپاشکۆ دانراون.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە دوو بەش و پێنج تەوەر پێکدێت و لە میانەیدا باس لە پرۆسەی فێرکاری و ڕەگەزەکانی و زمان و لقەکانی زمانی کوردی ڕوونکراوەتەوە. هەروەها باس لە گۆڤارەکان کراوەو ئاماژەیان پێکراوە. پاشان لێکۆڵینەوەکە بەچەند ئەنجامێک گەیشتووە و بە دانانی لیستی سەرچاوە زانستییەکان کۆتایی بە لێکۆڵینەوەکە هاتووە.

## بەشی یەکەم

### تەوەری یەکەم: پرۆسەی فێرکاری

پرۆسەی فێرکاری، بەیەکێک لەگرنگترین پرۆسەکانی ژیانی مرۆڤایەتی دادەنرێت. رنگی ئەم پرۆسەیە لەوەدایە کە (پێشکەوتن و دواکەوتنی هەر وڵاتێک بەهەڵسەنگاندنی سیستەمی فێرکاری ئەو وەڵاتە، پێوانە دەکرێت. ئەگەر بەها بنەما مروڤایەتیەکان رەنگدانەوەیان لەبەرنامەی کاری قوتابخانەکاندا هەبوو ئەوە دەکرێت بەو سیستەمە بگوترێت سیستەمی دیموکراتیی فێرکاری) (قەرەداغی، ٢٠١١، لا، ١٥). گرنگی و هەستیاری ئەم پڕۆسەیە لەوەدایە، کە پرۆسەیەکی چالاکەو بەردەوام لە گۆڕان و بەرەو پێشچووندایە. ئەوەتا سەرچاوەیەک لەمبارەیەوە دەڵێت: (سیستەمی فێرکاری هەموو ئەوەی ئێستا دەیبینین دەربارەی قوتابخانە و پرۆسەی فێربوون و فێرکردن تێیدا وەک دوایین پێشکەوتن و باشترینیان لەوانەیە دوای ماوەیەک بۆمان دەردەکەوێت کە هەڵەیەو هەموو ئەو شتانەی ئێستا دەبینین لەوانەیە لە داهاتوودا بە پێچەوانەوە دیار بێت). العدس، ٢٠٠٠، لا، ١٥). پرۆسەی فێرکاری لەچەندین ڕەگەز و پێکهاتەو تووخم پێکدێت، هەموویان بەسەر یەکەوە بەشێوەیەکی سیستماتیک کارلێکتر دەکەن. دەتوانین بڵێین پەروزەردەو فێرکردن دوو توخمی سەرەکین و، ڕەگەزەکانی تر کار بۆ هاتنە دییان دەکەن.

ئەم دوو پرۆسەیە گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە لە قوتابخانەکان پەروەردە پرۆسەیەکە بۆ پەروەردەکردنی تاک بۆ ناساندنی خود ، وڵات ، کلتور، پێکەوە ژیان ... ، گرنگە لە پرۆسەی پەروەردە ئەزموونی وڵاتانی دەوروبەر بزانی. یاخود ئامادەکردنی مرۆڤێکی چاکە خواز، بۆ ئەوەی مامەڵەیەکی تەندروست و چالاک و سوودبەخشانە لەگەڵ ژیان و کۆمەڵگەدا بکات. نووسەرێکی تر دووپاتی رنگی ئەم پرۆسەیە دەکاتەوە دەنووسێت: (پڕۆسەی پەروەردەوە فێرکردن واتا پێگەیاندنی تاک بە شێوەیەکی تەندروست و سوودبەخش و بەرهەمهێن، بەجۆرێک لە داهاتوودا قازانجی گشتی هەبێت بۆ مرۆڤایەتی و بەتایبەتی کۆمەڵگەکەی).(سلام، ٢٠١٥). کەواتە دەرکەوت کە ئەم پرسە یەکێکە لە پرۆسە هەرە گرنگەکانی بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگا و پەیوەستە بە ڕابردوو و ئێستا و داهاتووی کۆمەڵگاوە. چونکە ئەم پڕۆسەیە گرنگی بە هەموو بوارەکانی ژیان دەدات.

### پەروەردە

پەروەردە کردارێکی ڕێک و پێک و ئامانجدار و بەردەوامە. هەروەها لێرەوە دەتوانین پەروەردە بە پرۆسەیێکی گرینگ دابنێین. چونکە لەڕێگەی پەروەردەوە هەموو تاکێکی نێو کۆمەڵگا لە ئایندەدا تاکێکی سەرکەوتووی لێ دەردەچێت. بۆ ئەم مەبەستەش گەلێ بیرمەند و نوسەر قسەیان کردوە و لێکدانەوەی خۆیان بۆ ئەم بابەتە هۆنیوەتەوە. یەکێک لەو سەرچاوانەی بەم شێوەیە ئاماژەی پێکردوە و دەڵێت: (پەروەردە پڕۆسەیەکە تاک لەو ڕێگەیەوە فێری ئەزموون و تاقیکردنەوە دەبێت، تا لە ئایندەدا جوانترین و باشترین شێوە لە کار و کردارەکانیدا سودی لێ وەر بگیرێت و بەکاری بهێنێت). (حەمەد،٢٠١٥، لا، ٩). هەروەک نوسەر ئاماژەی پێکردووە، لە ڕێگەی پڕۆسەی

پەروەردەوە تاکێک فێری ئەزموون و تاقیکردنەوە دەبێت و تاکێکی لێهاتووی لێدروست دەبێت. سەرچاوەیەکی تر پەروەردە بەژیان دادەنێتن بۆ هەرتاک و کۆمەڵگەیەک، هەروەک دەنووسێت: (پەروەردە ژیانە و پرۆسەی گونجاندنی مرۆڤ و ژینگەکەیەتی). (همشری،٢٠٠٧،لا، ١٥). ئەمانە هەموو پێکەوە کاردەکەن بۆ برەودان بە گشت لایەنەکانی کەسایەتی تاکە کەس.

## فێرکردن

فێرکردن پرۆسەیەکی ڕێکخراوی ئامانجدارە، دەبێتە هۆی کرداری فێربوون بەو خواست و ویستەی دەویسترێت. هەروەها فێرکردن بەشێکە لە پرۆسەی پەروەردە، پرۆسەیەکی دەرەکییە لەلایەن مامۆستایان کەسانی دیکە جێبەجێ دەکرێت، بە مەبەستی فێرکردنی کەسێک یان کۆمەڵە کەسێک، هەروەها پرۆسەیەکە لەناو خوێندنگایان لە دەرەوەی خوێندنگا جێبەجێ دەکرێت. بەپێیی سەرچاوەیەک، (فێرکردن چالاکیەکی بەردەوامە و ئامانجی وروژاندنی پاڵنەرەکانی فێرخوازە بۆ فێربوون، کە کۆمەلێک چالاکی و بڕیار لە خۆ دەگرێت، کە فێرکار یاخود فێرخواز لە دۆخە فێرکارییەکاندا ئەنجامی دەدەن). ( الحیلة، ١٩٩٩، لا،٢٢). هەروەها لە بارەی فێرکردنەوە وتراوە (فێرکردن بریتییە لە وەرگرتنی چەمک و وانەکان لە ڕێی ڕوونکردنەوە و وێناکردن و هێما و بەڵگەهێنانەوە و بەراوردکردن و خوێندنەوە و بیرکردنەوەوە) .(القائمي، ١٩٩٥، لا،٣٠). کەواتە دەرکەوت پرۆسەی فێرکردن زۆر گرنگە و لەهەموو قۆناغێکدا پێویستە برەوی پێبدرێت، بەتایبەت لە قۆناغی بنەڕەتییدا.

فێرکردن کردەیەکە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە مامۆستاوە، واتە فێرکار، لەهەمان کاتیشدا، ناڕاستەوخۆ پەیوەستە بە فێرخوازەوە، واتە فێربوون. بۆیە لەفێرکردندا هاندان و وروژاندن و پاڵنەر هەیە بۆ فێربوون. هەروەک سەرچاوەیەک لەمبارەیەوە دەڵێت: (چالاکییەکی بەردەوامە ئامانجی وروووژاندنی پاڵنەری فێرخواز و ئاسانکردنی فێربوونە). (محمد، ٢٠٢١، لا، ٢٤). لێرەدا ئەەر سەرنج بدەین، قوتابی لەنێوان فێرکردن و فێربووندا، پێویستی بەهەوڵی خودی ناوەکی خۆی هەیە و لەولاشەوە پێویستی بە هەوڵی دەرەکی هەیە، کە ئەویش مامۆستایە. پاڵپشتی بۆ ئەم ڕاستییە ئەم سەرچاوەیەی لای خوارەوەیەو، کە تێیدا هاتووە: (فێرکردن پرۆسەیەکی دەرەکییە، لەلایەن کەسانی پسپۆر بە مەبەست فێرکردنی کەسێک یان گروپێک ئەنجام دەدرێت). (قادر، ٢٠٢١، لا، ٤٤). کەواتە هەرکات باسی فێرکردن یان فێربوون دەکرێت، هەست بە هەبوونی پەیوەندییەکی تەواو دەکرێت لەنێوان ئەم دوانەدا. ئەواتە سەرچاوەیەک لەمبارەیەوە نووسیوێتی: (فێرکردن مامەڵەی نێوان مامۆستا و فێرخوازە، بەپێی ئامانج و ژینگەکە، لەسەر بنەمای پەیوەندی نێوانیان، کەئەرکی یەکەمیان گواستنەوەو گەیاندنی زانیاریە لە هەر بوارێک بێت بۆ کەسی دووەم بە مەرجێ ویستی و ئیرادە بۆ وەرگرتنی هەبێت). (رسول، ٢٠١٤، لا، ١٣). لێرەدا لێکۆڵەران بە پێویستی بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکە باس لە رنی پرۆسەی فێرکردن دەکەنەوە، لەوبارەی کە ئەم لێکۆڵینەوەیە دەیەوێت خزمەتێک پێشکەش بکات بە بواری فێرکردنی زمانی کوردی لەبازنەی یەکەم، بەتایبەت هەردوو لقی خوێندنەوەو نووسین.

**فێربوون**

سەرەتا پێویستە ئەوە بگوترێت، فێربوون پەیوەستە بە خودی فێرخوازەوە. بەڵام ئەوەی لێرەدا لێکۆڵەران دەیانەوێت لەم لێکۆڵینەوەیە باسی لێوە بکەن، بریتییە لەو فێربوونەی کە لەقوتابخانەدا ڕوودەدات. بێگومان مامۆستا و ڕێگاکانی وانەوتنەوە ڕۆڵیان هەیە لەوەی کەوا فێربون چالاک بکەن. سەرچاوەیەک بەم شێوەیە باس لە فێربوون دەکات و دەڵێت: (فێربوون بریتیە لەنەخشەرێگا و پلانی تایبەتی فێرخوازان بۆ فێربوونی بابەتە جیاوازەکانی پرۆگرامی خوێندن و کارامەیی و مەعریفە نوێیەکانی لەلایەن مامۆستایان دەخرێنە روو. هەرووها فاکتەری سەرەکییە بۆ ئەو مەعریفە و کارامەییانەی فێرخواز لەپرۆسەی پەروەردە فێریان بووە، بتوانێت بە شێوەیەکی زانستیانە لە هەڵوێستی نوێدا جێبەجێیان بکات). (قادر، ٢٠٢١، لا، ٤٧). فێربوون لە ڕەفتاردا دەردەکەوێت و گۆڕانی بەسەردا دێنێت، لەمبارەیەوە سەرچاوەیەک پێی وایە کە: (فێربوون گۆرانێکی نیمچە بەردەوامە لە ڕەفتاری تاک لەڕێی ئەزموون و مەشقکردن و ڕاپەراندنەوە دروست دەبێت). (محمد، ٢٠٢١، لا، ٢٣). بۆیە پێویستە ئەم فێربوونە کەش و هەوایەکی باشی بۆ برەخسێنرێت، هەروەک ئەم سەرچاوەیە لەمبارەیەوە دەڵێت: (فێربوون و وەرگرتنی زانست دەبێت لە کەشێکی کراوە و شەفافدا رووبدات). (قەرەداغی، ٢٠١١، لا، ١٣). لەلایەکی ترەوە (فێربوون بریتییە لە وەرگرتنی دابونەریت و زانیاری و ئەو بیرۆکانەی تاک دوای لەدایک بوون فێریان دەبێت، ئەمیش بە ڕێگای مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەو ژینگە کومەڵایەتییەی کە تێیدا دەژیت و گەورەدەبێت، چونکە ژینگەی کومەڵایەتی کاریگەریی زۆری لەسەر فێربوونی تاک هەیە لە هەموو بوارە جیاجیاکانی ژیان). (عەبدوڵلا، ٢٠٢١، لا،٧٧).

ئەوە ڕوون بووەوە کە فێربوون پرۆسەی چەسپاندنی ئەو زانیاریانەی کە فێرخواز وەریگرتوە لە چوارچێوەی پرۆسەی فێرکردن. واتا فێربوون دەشێ بەرهەمی فێرکردن بێت، فێربون پرۆسەیەکی بەردەوامە تیایدا مرۆڤ لێهاتووی و کارمەیەکانی زیاد دەکات. بێگومان فێربوون یەکێکە لە ئانجە سەرەکیەکانی فێرکاران بۆ بەدی هێنانی پرۆسەی فێرکردنیش پێویستە فێرکاران ڕێگا و شێوازی سەردەمی و تۆکمە بگرنە بەر بەپێی بەرنامە و پلانی داڕێژراو بەتایبەتی بازنەکانی سەرەتای خوێندن کە زۆر گرنگن بۆ ژیانی هەر تاکێکی کۆمەڵگا چونکە ئەو قۆناغە بناغەی دەوڵەتەوڵەتیش گەر بناغەکەی باش نەبێت ئەو وڵاتە ڕۆژ لە دووای ڕۆژ بەرەو خراپی دەچێت، بۆ ئەم مەبەستەش نوسەرێک دەڵێت: (زۆر لێدانەوە بۆ پرۆسەی سێگۆشەی فێربوون هەیە هەندێک کەس سێگۆشەی فێربوون بەوە لێک دەدەنەوە کە بریتییە لەمامۆستا، فێرخواز، بابەت یان ستراتیژ، فێخواز، بابەت،ماڵەوە). (اسماعیل، ٢٠١٤، لا، ١٥٩). بەڵام گرنگترینیان  چۆن دەتوانین هەموو گۆشەکان بۆ خزمەتکردنی فێرخواز تەرخان بکەین،ئەگەر نەتوانرا بایەخ بە فێرخواز بدرێت، ئەوا نەوەیەک دروست دەبێت لە زۆر شت بێبەش دەبێت، بەشێوەیەک ناتوانێت خزمەتی خۆی و کۆمەڵ بکات چونکە پێشکەوتنی هەر وڵاتێک و دوارۆژی ئەو وڵاتە بە فێرخوازەوە بەندە.

## بەشی یەکەم

### تەوەری دووەم: ڕەگەزەکانی پرۆسەی فێرکاری

بێگومان پرۆسەی فێرکاری لەکۆمەڵێک ڕەگەزی سەرەکی و لاوەکی پێکدێت. ئەم ڕەگەزانەی فێرکاری هەموویان پێکەوە ڕۆڵیان هەیە لەسەر فێربوونی فێرخوازان و تەواوکاری یەکترن. لێرەدا لێکۆڵەران باس لەچەند ڕەگەزێکی گرنگ دەکەن.

### قوتابخانە

قوتابخاتە لە کۆنەوە تاکو ئێستا زۆر گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە لە کۆندا بە مزگەوت و حوجرە وتراوە قوتابخانە واتا خوێندن لەو شوێنانە بووە بەڵام دواتر بە تێپەڕ بوون و پێشکەوتنی سەردەم گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، (قوتابخانە بریتییە لەگرینگترین دامەزراوەی فەرمی پەروەردەیی و فێرکاری و کۆمەڵایەتی. قوتابخانە سەرەتای دەست پێکردنی ئامانجە و دوارۆژی مرۆڤ ڕۆشن دەکاتەوە). (خۆشناو، ٢٠٢٣، لا، ٧٨). هەروەها هێمایە بۆ هۆشیاری کۆمەڵگەی قوتابخانە بەوەی کە ژینگەی جوان و پاک، پاڵپشتی فێرکردن و فێربوون دەکات و گەواهییە بۆ ئاکاری ئەرێنی، و دەگونجێ لەگەڵ دەروون دروستی. ڕێک یەکێکە لە کۆڵەگە یاریدەدەرەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی قوتابخانە بە گشتی. جوانکردنی قوتابخانە بەرپرسیاریەتێکی هاوبەش و قوتابیان و کۆی کارمەندان بەشداری تیادەکەن، بەڵام ئەم بەرپرسیارەتییە وەدەستهاتووە، واتە لەخۆوە نەهاتووە، بەڵکو قوتابیان فێری دەبن و جێبەجێشی دەکەن بەسەرپەرشتکردنی دەستەی فێرکاری و ئەمەش تەنها بە پێشڕەوان دەکرێ، بە چالاکییە جۆراوجۆرەکانیشەوە وەدی دێت. قوتابخانە لە توانایدایە گەشە بە قوتابیان بدات لە گشت بوارەکان ( ئاوەزی، هەڵچوونی وێژدانی، کارامەییەکان، کۆمەڵایەتی و کەسی ) و کەسایەتی سەرکردانەی بنیات بنێ لە ڕێی چالاکییە جۆراوجۆرە پەروەردەییەکان.

لەسەرتاترین پێناسە بۆ قوتابخانە ئەوەیە کە (قوتابخانە ڕێکخراوەیەکی کۆمەڵایەتیە کە ئەرکی فەراهەم هێنانی ژینگەیەکی لە باری پەروەردەیی و فێرکاریە بۆ قوتابیەکان، پێویستە بە شێوەیەک سیستەم و یاساکانی ڕێک بخرێت قوتابی ئارەزوی بۆ خوێندن زیاد بکات و حەز بکات بۆ قوتابخانەکەی بچێت. لەلایەکی ترەوە قوتابخانە (بریتییە لەپەیمانگای پەروەردەو فێرکردنە خاوەن یاسای تایبەت بەخۆیەتی بۆ ڕێکردنی کارەکانی ، ئەو یاسایەن دەبێت ببێتە فێربوون و هاندانی قوتابی بۆ خوێندنەکەی). علی، ٢٠٠٧، لا، ١٤٣-١٤٥). لەگەڵ ئەوەشدا قوتابخانە پێکهاتوە لەو قوتابیانەی کە لە ژینگەی جیاوازەوە هاتوون و لە هەمان قوتابخانە و پۆلدا بە یەکەوە وانەکانیان دەخوێنن ، پێویستە هەموو قوتابیەک فێری یاساکانی قوتابخانە ببێت و پەیڕەویان بکات بە هاوکاری خێزانەکەی ..لەم سەرچاوەیەش باسکراوە دەڵێ ( قوتابخانە: بە یەکێک لە دامەزراوەکان دادەنرێت لە ڕێکخستن و ئاراستە کردنی کۆمەڵایەتی ، واتە قوتابخانە دەتوانرێت

ببێت بە سەرچاوەیەک بۆ تێکەڵاو بوون و گفتۆگۆکردنی منداڵ لەگەڵ دەوروبەرەکەی و خێزانەکەی بە شێوەیەکی ڕێک و ژیرانە و تێگەیشتوانە.

کەواتە ئەرکی قوتابخانە بریتییە لە فێربوونی فێرخواز تێیدا. ئەوەتا ئەم سەرچاوەیە بەم شێوە باس لە قوتابخانە دەکات و دەڵێت: (دەبێت قوتابخانە قوتابیەکان فێری ئەوە بکات کە توانای تێگەشنیان لەشێوەی ژیان و بیرکردنەوەی کەسانی تر هەبێت). قەرەداغی، ٢٠١١، لا، ١٤). کەواتە قوتابخانە بەرپرسە بە پێدانی زانیاری لەگش بوارێکدا بە فێرخوازان. هەروەک لەم سەرچاوەیەدا بەدی دەکەین: (قوتابخانەدا فێربوون بریتیە لە وەرگرتنی ئەو یاسا و ڕێسا تایبەتیانەی کە پێویستە بو ئاشنا بوون کەشی قوتابخانە، گوێرایەڵی بوو ئەم یاسایانەقوتابی هان دەدات بۆ ئەوەی بەردەوام ڕێز لە ماموستا و دایک و باوکی بگرێت، تاببێت نموونەیەکی پێشەنگی کەمەڵگە).

قوتابخانە هۆکارێکی گرنگە بۆ فێربوون و فێرکردن،هەر وەک زانایان ئاماژەیان به قوتابخانە کردەوە لە ڕووی (پەروەردە و فێربوون) ەوە بە ماڵی دووەمی قوتابی دایان ناوە ، چونکە قوتابخانە ڕۆڵێکی گرنگی گێراوە لە دروستکردنی کەسایەتی و بەرەو پێشبردنی ئاستی زانستی و مەعریفی تاکەکانی نێو کۆمەڵگا. لەکۆتاییدا پێویستە ئەوە بگوترێت، کە قوتابخانە بەبێ هەبوونی مامۆستا هیچ بایەخێکی نییەو ناتوانێت ڕۆڵی خۆی بگێڕێت، هەربۆیە لێرەدا لێکۆڵەران باس لە مامۆستا و ڕۆل و گرنگییەکەی دەکەن.

### مامۆستا

بێگومان هەموو کەس نابێتە مامۆستا و شایەنی ئەوە نییە پێ بڵێیت مامۆستا. چونکە بەو کەسە دەڵێن مامۆستا کە زانست و زانیاری دەبەخشێت بۆ پێگەیاندنی نەوەیەکی خوێندەوار، هەموومان قەرزاری مامۆستاکانمانین، بە خوێندەوار و نەخوێندەوار بە خاوەن بڕوانامەی بەرزو دکتۆرا و پرۆفیسۆر تا دەگاتە ئەو کەسەی بڕوانامەی نییە. مامۆستا هەمیشە لە پێناو پەروەردەکردن و فێرکردنی منداڵانمان تەمەنی گەنجی دەبەخشێت و ڕۆڵەکان لە تاریکی ڕێگای نەزانی دەخاتە ڕێگای ڕاست و ڕوناکی بەو زانستەی هەیەتی. دەبینین لەم سەرچاوەیشدا ( توێژەرێکی بواری پەروەردە و فێرکردن (دیفز) باس لە مامۆستا دەکات و ڕوونی کردۆتەوە کە مامۆستا وەک بەڕێوبەر و کەسێکی پێشەنگە لە پرۆسەی فێرکردندا ، بەمەش لە زۆربەی پیشەکانیتری جیاکردۆتەوە ، کە مامۆستا هەر خۆی جێبەجێکار و سەرپەرشتیکارە لە پۆلدا و بێ ئەو پرۆسەکە بەڕێوە ناچێت. (رسول، ٢٠١٤). لەلایەکی ترەوە ئەو پرسیارە بە مێشکی زۆر کەسدا دێت کە مامۆستا کێیە؟ (مامۆستا ئەو فەرماندە پەروەردەییەیە، کە پێشەنگی پرۆسەی گەیاندنی شارەزایی و زانیارییە پەروەردەییەکانە، ڕێنوێنی ڕەفتار و هەڵس کەوتی ئەو فێرخوازانەیە کە وانەیان پێدەڵێتەوە.

بەڵێ ئەو (مامۆستا) فەرماندەیەکی پەروەردەیی گۆڕەپانەکەیە، شەڕ و بەرەنگاربوونەوەکانی هەموو ڕاستەوخۆ دژی نەزانین و دواکەوتوویە،زۆر ئازایانە و سەرکەوتووانەش به چەکی بیر و باوەڕێکی پتەو بە پەروەردگار و لەبەر ڕوناهیا ئەو زانستانەش کە هەیەتی و پێی پڕچەکە،

بەردەوام ڕۆژانە هەر لە بەیانییەوە تا ئێواریٚ سەرکەوتن بە دوای سەرکەوتندا وە دەست دەهێنیٚ، کە بەم هەوڵ و هیممەتەشی دڵی هەموو ئەو خەڵکانەی دەوروبەری خۆش و شاد و ئاسوودە دەکات. (یەحیا، ٢٠١٣، لا، ٥١). بێگومان مامۆستا هۆکار و سەرچاوەی تێگەیاندن و پێگەیاندی قوتابی و پێشکەوتنی کۆمەڵگایە، مامۆستا لەسەرەتادا زانست و زانیاری فێری قوتابی دەکات کە ڕێگای جۆراوجۆر دەگرێتەبەر بۆ ئەم مەبەستە هەروەها قوتابی پەروەردە دەکات کەسایەتی بۆ دروست دەکات وە زیرەک و بوێر و ئازاو لێهاتوو بێت، مامۆستا هۆکارەکە دەبێت و قوتابی دەرئەنجامەکەی کە لێی دەکەوێتەوە، لە بازنەی یەکەمدا مامۆستا وا دەکات کە قوتابی خەونی هەبێت بۆ داهاتووی حەز بکات ببێتە شتێک خەونی بۆ دروست دەکات، وە متمانەی بە تواناکانی خۆی هەبێت بۆ خوێندنو ئەنجامدانی کارەکان گیانی هاوکاری تێدا دروست دەکات کە لە داهاتوو سودی بۆ کەمەڵگاکەی هەبێت خزمەت بە کۆمەڵگا و مرۆڤایەتی بکات. هەروەها خۆشەویستی بۆ کارەکەی خۆی هەبێت و تاکێکی چالاک و بوێر بێت کە ئەمانە هەمووی لە قوتابیدا پێدەگەنێت و پێی دەبەخشێت بە شێوەیە پێی دەگەیەنێت. (مامۆستا هۆکارێکی پیرۆزە بۆ تێگەیاندن و پێگەیاندنی قوتابی و پێشکەوتنی کۆمەڵگا و لەم دەستەواژەیە ئەمە بەرچاو دەکەوێت کە ڕۆڵی مامۆستا وەکو (هۆکار) ڤەڕێژی ئەوەی لیٚ دەکەوێتەوە و قوتابی دەبێتە (دەرنجام)، مەبەست لە بوونی مامۆستا و پیرۆزیی پیشەکەی دروستبوون و ئامادەکردنی قوتابییە بۆ ئەوەی کۆمەڵگا سوودی لیٚ ببینێت و ببێتە تاکێکی کارا و بە جورئەت و لێهاتوو لە بوارێک لە بوارەکانی ژیان و خزمەت بە کۆمەڵگا بکات/ حەسەن ل ١٩ ، ٢٠٠٨).ه ئەگەر لێرەدا باس لە گرینگترین ئەو چالاکیانەی کە مامۆستا لە پۆلدا پێیان هەڵدەستێت، دەتوانین بڵێین بریتین لەمانەی لای خوارەوە:

1. بەشداریی پێکردنی قوتابیان لە میانەی وانە وتنەوەدا.
2. وروژاندنی هەستیان بە ئەنجامدانی چالاکیەکانی ناو پۆل.
3. یارمەتی دانیان بۆ قۆستنەوەی هەلی فێربوون لە کەمترین ماوەدا.
4. پێشکەش کردنی وانەکە و ئامادەکاری بۆ کردنی.
5. دەستگرتن بەسەر ئاگاهیاندا و جۆراوجۆر کردنی وروژێنەرەکان .
6. خۆشەویست کردنی بابەتەکە لەلایان بە کورتکرنەوە و پوختکرنەوەی.
7. پێشنیار کردن و پرسیار کردن کە کاریگەری لەسەر گەشەکردنی چالاکی بیرکردنەوە بەجێدەهێڵێت.)(رسول ، ٢٠١٤ ، لاپەڕە ٢٥ – ٣٠)

لەبەر ئەمەش مامۆستا زۆرترین کاریگەری هەیە لەسەر قوتابی ، بۆ نمونە ئەو ڕەفتارانەی مامۆستا لەناو پۆل یاخود لە دەرەوەی پۆل ئەنجامی دەدات ، ڕاستەوخۆ کاریگەری بۆ سەر خوێندکاران هەیە ئەو ڕەفتارە چ باش بێت یاخود خراپ ، بۆ نمونە ئەگەر بێت و مامۆستا جگەرە بکێشێت ، یان جنێو بدات یان هەر کارێکی تر کە لە بەردەم خوێندکاران ئەنجامی بدات ئەوا ڕاستەوخۆ کاریگەری بە جیٚ دەهێڵێت لەسەر خوێندکارەکان ، وا باشترە مامۆستا ڕۆڵی ئەرێنی ببینی لە جوانتر کردنی ڕەفتاری خوێندکارەکانیدا ،ئەویش بە نواندنی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی جوان و گفتوگۆی ئەرێنی بەرامبەر خوێندکارەکانی.

هەروەک لەسەرچاوەیەکدا هاتووە کە (کاری ماموستا دەبێت لەوێوە بێت کە دەستنیشانی پێویستی یەکەیەکەی قوتابیەکان بکات ، توانای تاکەکەسی قوتابیەکان دەسینیشان بکات ، لەشێوەی بیرکردنەوەکانیان). (قەرەداغی، ٢٠١١، لا، ٢٤). کەواتە ئەوە ڕوون بووەوە کە ماموستا دەبێت هەستی بەرپرسیایەتی لە ناخی قوتابیەکانی بجێنێت ، ماموستا پێشەنگ و رێبەرە بو قوتابیەکانی، ئەگەرخوی هەستی بەرپرسیاریەێتی نەبێت چون قوتابیەکان ئەو هەستەیان لا دروست دەبێت. سەرچاوەیەکی تر بەم شێوەیە دەنووسێت: (ماموستا پێویستە بەردەوام هەستی بەرپرسیاریەتی لەناخی بێت، بو ئەوەی بتوانێت راستەوخوو رووبەروی هەموو ئەرک و ئاستەنگێک ببێتەوە، هەستی بەرپرسیاریەتی وا لە ماموست دەکات شانازی بەکاسایەتی خوی بکات). (مام عبدوڵلا، ٢٠٢١، لا،١٠٨). کەواتە مامۆستا ئەو کەسەیە کە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا،زانست و زانیاری دەبەخشێت بۆ پێگەیاندنی منداڵ. ئەمەش لە ڕێگەی گرتنەبەری ڕێگەی پێویست بەم بوارە،لەڕووی دانانی پلان و خۆ ئامادەکردن بۆ گەیاندنی زانست و زانیاری دەبەخشێت بۆ پێگەیاندنی منداڵ. هەر مامۆستایە قوتابی فێری ئەلف و بێ و خوێندنەوە و نوسین دەکات. مامۆستا ئەو کەسە گەورەیەیە کە تەمەنی گەنجێتی خۆی تەرخان دەکات لە پێناو فێرکردنی منداڵەکانمان، لەنەخوێندەواری و نەزانی و دواکەوتویی ڕزگاریان بکات. ئێستا کاتی ئەوەیە کە باس لە تووخمی سێیەمی ئەم پرۆسەیە بکەین کە زۆر گرنگە و هەموو ئەوانی تر لەخزمەتی ئەم ڕەگگەزەی تری نێو پرۆسەکەدان، ئەویش بریتییە لە فێرخواز (قوتابی).

## قوتابی

ئەگەر بمانەوێت لەسەرتادا و بەکورتی پێناسەی قوتابی بکەین، ئەوە سەرچاوەیەک بەم شێوەیە باسی قوتابیمان دەکات و دەڵێت: (قوتابی ئەو کەسەیە کە لە تەمەنی شەش ساڵی دەخرێتە بەر خوێندنی قۆناغی بنەڕەتی لە ئێستادا و لە هەندێکی جێگەی کوردستان پێش ئەو تەمەنە دەخرێتە بەر قوناغی باخچەی ساوایان). (جاف، ٢٠١١، لا، ٩). کەواتە ڕوون و ئاشکرایە کە قوتابی تاکێکە دەخوێنێت یان فێردەبێت لە دەزگایەکی خوێندن ئەوا ئەو کەسە پێی دەڵێین قوتابی. قوتابی هەر لە سەرەتایی چوونی بۆ قوتابخانە فێری دەکرێت چۆن بخوێنێتەوە و بنووسێت لەلایەن مامۆستیان. مامۆستایی لێهاتوو و سەرکەوتوو دەتوانێت وا لە قوتابییەکە بکات کە باشترین و زیرەکترین قوتابی پێبگەیەنێت. ئەوەتا سەرچاوەیەک لەمبارەیەوە دەنووسێت و دەڵێ: (فێرخواز یان قوتابی ئەو کەسەیە خوێندن دەکات بە پیشە لە پێناو فێربوونی زانست و زانین، پێویستە منداڵ لەماڵەوە لە خێزانەوە پەروەردە کرابێت و ئامادەکرابێت بۆ قوتابخانە). ( محمەد، ٢٠٢٢). ئاشکرایە قوتابییان هەموویان لە یەک ئاست و تواناداا نین ،بەڵکو جیاوازی بەرچاو هەیە لە نێوانیاندا جا ئەو جیاوازییانە چ لە ڕووی ئاستی هۆشیاری بن یان لە ڕووی ڕاددەیی. کەواتە ئامادەیە بۆ فێربوون یاخود بە شێوەیەکی بیرکردنەوەی و کارزانی و لێهاتوویی و دەست ڕەنگینی ئەوە جگە لە جیاوازی پێکهاتن لە لەشیان ( کورت ، درێژ ، قەڵەوی ، لاوازی ، چالاکی و شتی تر. ڕەنگە ئەو جیاوازییانە زگماک بن یان کاردانەوەی ژینگە و شێوەی پەروەردەکردن و ئەو

ئەزموونانە بێت، کە لە ماڵ و قوتابخانە و دەوروبەری بەسەری داهاتووە. (خۆشناو، ٢٠٢٣، لا، ٤٩ ). بۆ نموونە ئەو قوتابییەی لە خێزانێکی دەوڵەمەند پێدەگات ئەزموونی زیاتر دەبێت لەو قوتابییەی لە بنەماڵەیەکی هەژار و نەداردا گەورە دەبێ، وە هەروەها قوتابییەک جیاوازە لەگەڵ قوتابییەکی تردا لە ڕووی زوو فێربوون و تێگەیشتندا. ( دەبێ جەخت لەوە بکەینەوە، لەو کاتەی قوتابی دەخوێنێتەوە، پشتیوان دەبێ بۆ ئێمە و بۆ خۆشی لەکرداری پێگەیانی، چونکە پێگەیشتن لە بریتییە لە کۆمەلێک زانست و زانیاری و ڕێنوێنی وە دەستهاتوو لە ژینگەی قوتابخانە،یا بە هۆکاری خودی. لێرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە پێگەیاندنی قوتابییەکان قەتیس نییە لە قوتابخانەکان و بەش و پۆلەکان، بەڵکو پێگەیاندن لە بنەڕەتدا پەیوەستە بەو ویست و خواستەی قوتابی و دەبێتە کۆمەڵگەی پێگەیاندنی فێرگەیی، بە وەبەرهێنانی گشت ئەو بژاردانەی لەبەر دەستیەتی، لە پێشی هەموویانەوە خوێندنەوە، بۆیە دەکرێ بڵێین پێگەیاندن لایەنە مەعریفی و ڕۆشنبیرکردن و کارامەییەکانیش دەگرێتەوە، جگە لە قوتابخانەش توانست و لێهاتوویش لە ئاستی تاکە کەس و توانستە خودی و تایبەتەکانیش لەنێو قوتابییان خۆیاندا دەگرێتەوە. ( خۆشناو، ٢٠٢٣، لا، ٤٩). کەواتە پێویستە زۆر گرنگگی بدەین بەفێرخوازان هەروەک (پێندرۆیی، ٢٠١١، لا، ١٢٥) بەم شێوەیە دەنووسێت و دەڵێت: (بایەخدان بە قوتابی ـ ڕێزگرتن لە هەست و مافەکانی قوتابییان. هەروەها هانیان بدات بۆ ئاکارە جوان و پەسەندەکانی کۆمەڵایەتی و هانیان بدات بۆ ئەوەی وەک یەک تیپ کاربکەن.

## پڕۆگرامی خوێندن

لەپاڵ باسکردنی ڕەگەزەکانی پرۆسەی فێرکاری، کە هەریەک لە مامۆستا و قوتابی بوون کە لەقوتابخانەدا دەچنە پەیوەندییەکی زانستی و فێرکاریی و پەروەردەییدا، هاوکات، پێویستە لەبارەی پرۆگرامیشەوە بدوێین، کە هەوێنی بەیەک ەیشتنی مامۆستاو قوتابیە.

وشەی پڕۆگرام و بەرنامەی خوێندن هەموو ئەو بابەت و سیستەمانە دەگرێتەوە کە بە پلان بەرنامە ڕێژکراون لە پێناو بەڕێوەچوونی پڕۆسەی پەروەردەو فێرکردن. قسەکردن لەسەر پڕۆگرام لە پڕۆسەی پەروەردەدا گرنگە، چونکە قوتابی لەڕێگەی ئەو بەرنامەو پڕۆگرامە بڕیار لەسەر دراوانەوە فێردەبیت و پەروەردە دەکرێت و ئامادەی نێو کۆمەڵگە دەبێت. بەتایبەت پڕۆگرامی قۆناغە سەرەتاییەکانی فێرکردن. لەبەر ئەم هۆکارەیە لێکۆڵەران لەمبارەیەوە دەنووسن. ڕوون و ئاشکرایە پڕۆگرامی خوێندن لایەنێکی گرینگی پڕۆسەی فیرکردنە.

پڕۆگرام پێویستە قوتابی بۆ ژیان ئامادە بکات و گونجاو بێت لەگەڵ ژینگەی قوتابیدا. بۆیە ئەوەی لێکۆڵەران لەم لێکۆڵینەوەیە مەبەستیانە و بەنیازن لەبارەیەوە بنووسن، بریتییە لەو ڕۆڵەی کەوا پێویستە پرۆگرام بیگێڕێت لە پێدانی زانیاری بە فێرخوازان.

## بەشی یەکەم

### تەوەری سێیەم: زمان و لقەکانی زمانی کوردی

لێکۆڵەران لێرەدا و لەم تەوەرەدا باس لە زمان و لقەکانی زمان و چۆنییەتی فێربوونیان دەکەن، ئامان لەم تەوەرەدا ئەوەیە کە باس لە گرنگی لقەکانی زمانی کوردی بکرێت، کە چۆن قوتابیی فێریان دەبێت. بەتایبەتی دووان لە گرنگترین و سەرەکیترین لقەکانی زمان کە بریتیین لە (خوێندنەوەو نووسین).

### زمان

سەرەتا ئەگەر باس لە زمان بکەین و یسناسێنین، ئەوە لەو پێناسەیەی (ساپیر)ەوە دەستپێدەکەین کە دەڵێت: (زمان هۆیەکی ناغەریزییە تایبەتە بە مرۆڤ، بۆ دەربڕینی هەست و ئارەزوو بەکاردێت، بە هۆی ڕەمزی لەسەر یاسا ڕۆیشتوو کار دەکات و لەژێر یاسای مرۆڤدایە). ( ناوخۆش و خۆشناو،٢٠١٠ ، لا، ١٤٣). هەروەها لەسەرچاوەیەکی تردا بەم شێوە ناسێنراوە کە دەڵێت: (زمان سیستەمێکە لە نیشانە، لە خۆوە لەسەری ڕێککەوتووین، توانای دابەشکردنی هەیە، تاکە کەس وەک ئامرازێک بۆ دەربڕینی مەبەستەکانی و بۆ پەیوەندیکردن بە کەسانی دیکەوە لە ڕێگەی ئاخاوتن و نووسین بەکاریدێنێت). (خۆشناو، ٢٠١٤، لا،١٥). ئەو زمانەی کە هۆکاری لێکگەیشتنی تاکەکانی نێو کۆمەڵگەیە بریتییە لە (زمان کۆمەڵە دەنگ و بێژە و پێکهاتەیەکە مرۆڤ مەبەستەکانی خۆی پێ دەردەبڕێت و ، وەکو ئامرازێک بۆ لەیەکگەیشتن و تێگەیاندن بە کاری دێنێت، لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری، زمان وەسیلەی پێکەوە بەستن و پەیوەندیی کۆمەڵایەتییە کە دەبێت هەبێت بۆ تاک و کۆمەڵ بەکەڵکە. ( محەمەد، ٢٠١٥، لا،١٧). ئەگەر بێینە سەر زمانی کوردی، کە بۆ ئێمە بریتییە لە زمانی دایک، ئەوە لەچەندین لق پێکدێت و هەر لقەو تایبەتمەندی خۆی هەیە، لێرەدا لێکۆڵەران باس لە لقەکانی زمان دەکەن.

### لقەکانی زمانی کوردی

لقەکانی زمان، لەهەر زمانێکدا لەچەند بەشێک پێکدێن و پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە. لە ڕابردوودا ڕاهاتبوو ین کە لە گوتنەوەی زماندا بە سەر چەند لقێکدا دابەشی بکەین، بە جۆرێک هەر لقێک ئاراستەیەکی سەر بە خۆی گرتووە و جیایە لە لقەکانی تر، لقەکانی زمانی کوردی لە قۆناغی سەرەتاییدا ئەمانەن: خوێندنەوە، خەت، ڕێنووس ،دەربڕین، ڕێزمان و ڕاهێنانی زمانەوانی، دابەشکردنی زمانی کوردی بۆ ئەم لقانە دەستکردە، و بەمەبەست و بۆ هەماهەنگی لە کارکردندا لە چێوەی خوێندنی گشتیدا کراوە، و بۆ هەر لقێکیش کاتێک دانراوە کە تێیدا بگوترێتەوە تاکو بگەینە ئامانجە گشتییەکەمان لە گوتنەوەی ئەو لقەدا، ئەم کارەش بۆ توانست پێپەیداکردنی فێرخوازە بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی ئەو ئەوزارە دەربڕینە گرنگە بکات بە جۆرێک کە

بتوانێت له دەربڕیندا بەکاری بهێنێت هەروا له تێگەیشتنیشیدا، بۆیه لەبەر ئەم دوو مەبەسته بنەڕەتیە( دەربڕین و تێگەیشتن) دا ئامانجی گوتنەوەی هەموو لقەکانی زمان ڕیزدەبێت. ( محەمەد، ٢٠١٥، لا، ٢٠–٢١). دابەشبوونی زمانەکان بە گوێرەی سیستەمی نووسین بێگومان هەموو جۆرەکانی ئەلفبێ (ئەلفابێتیکی و لۆگۆگرافی و بڕگەکاری ) سیستەمی نووسینی زمانن. بیرۆکەی ئەلفابێتیکی (پەیوەندی نێوان پیت و فۆنیم) لە چاو مێژووی سیستەمی نووسینەوە نوێیه. له کۆندا سیستەمی نووسین زیاتر (وێنەی) و (بیرۆکەیی) بووە, هەر بۆیه مێژووی نووسینی لۆگۆگرافی له ئەلفابێتیکی کۆنترە. ( ناوخۆش و خۆشناو، ٢٠١٠ ، لا،١٩٠)

لێرەدا بەکورتی هەندێک لەبارەی لقەکانی زمانەوە دەدوێین، بەو پێیەی کە لەسەرچاوەکاندا باسکراوە.

**ڕێزمان**: سەبارەت بە لقەزمانی ڕێزمان، سەرچاوەیەک بەم شێوەیە باسی کردووەو: (خوێندنی ڕێزمان تەنیا لە پێناوی دروستی دەربڕیندایە و هیچی دی نا، ئەویش بە قسەکردن و بە نووسین، سەرباری ئەمانەش بۆ تێگەیشتنی بیرەکان و دەرککردنی واتاکانی بە ئاسانی. بۆیە زۆر مەشق و ڕاهێنان کردن، و تێبینی کردنی ڕێگاکانی بەکارهێنانی زمان لەدەقەکاندا و لەهەڵوێستە زمانەوانییە زیندووەکان دا وا لە قوتابییان دەکات کە ڕێساکان (ڕێزمان) تێبگەن و هەستی پێبکەن: بە پێی ئەم ڕێسایانە و بە ئاسانی و بەسەلیقەوە دەست بکەن بە قسەکردن و نووسین بە ڕەهایی). (محەمەد، ٢٠١٥، لا،١١٠).

**خەت:** ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە مامۆستای لێهاتوو و زیرەک لە ڕێگەی خەت و نووسینەوە دەتوانێت بەهرە و توانستی منداڵ دەربخات و هێز و توانایان پێببەخشێت زیرەک و چالاک دەبن هەندێک منداڵ لە ماوەیەکی کەم و بە ئاسانی فێردەبن بەڵام هەندیکیان پێویستیان بە کاتێکی زۆرتر دەبێت تا تەرکیز بکەن و فێری خەت و نووسین ببن. (ئامانجەکانی وانەی خەت مامۆستا لەم وانەیەدا وەکو هونەرێک بتوانێت بەهرەکانی منداڵ دەربخات و بەهێزیان بکات وەکو هشیاری وردبینی، هەروەها لە بەرانبەرکردن و حوکمداندا و لە بیرکردنەوەی دروستدا بەهێزی دەکات هەر وەکو دەتوانێت فێری پاک و خاوێنی و یاسا دۆستیان بکات، لەگەڵ وردەکاری لە کارکردندا، خەت منداڵ فێری خۆگری و خۆشویستنی ڕکەبەری و دەرککردنی جوانی بکەن.) (محەمەد، ٢٠١٥، لا،٨١).

**سروود:** لە ڕێگەی ئەو بابەتەوە مامۆستا وادەکات کەمنداڵ پەروەردەیەیەکی دروست وەربگرێت و ئاکار و کردەوەو دەروونی باش بەوەی کە منداڵ کاتێک سرود دەڵێت شەرمی دەڕەوێتەوە و لە ناو هاوڕێکانی بێ ئەوەی بترسێت گۆرانی دەڵێت وا وادەکات کاتێک بەتەنهاشە سروودەکە بڵێتەوە و دەتوانێت باشتر دەنگەکان دەرببڕێت و قسەبکات وە دلێری و ئازایەتی و بوێری دەبوژێتەوە. (مامۆستا لە گوتنەوەی بابەتی سروودا ئامانج گەلی زۆر و، پەروەردەیی و ئاکار و [دەروونی] بەدەست دەهێنێت:

1. شەرمنی لای منداڵ دەڕەوێنێتەوە لە گوتنەوەی سروودا بە دەنگی بەرز و لەناو هاوڕێکانیان بێ هیچ شەرم و شکۆ و دڵە لەرزەیەک گۆرانی دەڵێت. یاخود پاشتر بە تەنیا.

2. گۆکردنی منداڵ باشتر و بەهێزتر دەکات، بە تایبەتی لە گۆکردنی بێژە و پیتەکاندا.
3. دلێری و سۆز و هیممەتی قوتابی دەبووژێنێتەوە، و چالاکی دەکات، شانازی بە کەسیەتی خۆیەوە دەکات.
4. فەرهەنگی زمانیان دەوڵەمەند دەکات و زمانپاڕەو دەبن، شێوازی گفتوگۆ کردن و ئەدایان بەرەو پێشەوە دەبات. (محەمەد، ٢٠١٥، لا،٨٩).

**دەربڕین:** لەڕێگەی دەربڕینەوە مامۆستا مامۆستا دەتوانێت وانەکان بگەیەنێت بە قوتابی دەربڕینی واتە شیکردنەوەی دەرس و گەیاندنی بە قوتابی قۆناغی بنەڕەتی هەروەها بەوەرگرتنی دەربڕاوەکان قوتابیش وانەکە وەردەگرێت و تێدەگات بەم شێوازە فێردەبێت. (دەربڕین، ئەو زارێکی فێربوون و فێرکردنە). ( محەمەد، ٢٠١٥، لا، ٩٩).

**لەبەرکردن:** (بایەخی ئەزبەرکردن و ئامانجەکانی گوتنەوەی : ئەو پارچە ئەدەبیانەی بۆ ئەزبەرکردن هەڵدەبژێردرێن لە بەرزترین نموونەی ئەدەبی دەبن، چێژ ڕۆڵی گەورە دەبینێت لە هەڵبژاردندا، حیکمەتی تێدایە، پەند، ئاکار و سۆزی تێدایە، ئەم پارچە دیاریکراوانە چێژ و دەرککردنی جوانی لای قوتابی پەروەردە دەکەن، هەروەها ڕەوشت و فەزیلەتی فێردەکات، بیر ڕووناک دەکاتەوە و زمان و فەرهەنگی زمانی منداڵ دەوڵەمەند دەکات.) (محەمەد، ٢٠١٥، لا، ٩٣).

**خوێندنەوە**

خوێندنەوە ئەو لقە گگرنگەی زمانە کە پێویستە لەبازنەی یەکەمی خوێندندا قوتابی بەباشی فێری ببێت. ڕەنگە بێتەوە یادمان کە دایک و باوکی هەریەکەمان، یەکەمین شتێک کە چاوەڕوانی بووە کە ئێمە لە قوتابخانەدا فێری ببین، خوێندنەوە بوو. گە لەحەزی دایک و باوک بۆ فێربوونی ئەم لقەی زمان، بەڵکو خوێندنەوە ڕووی پێشکەوتنی هەر وڵاتێکە و سەرچاوەیەک لەمبارەیەوە دەوڵێت: (پێوانەکردنی ئاستی پێشکەوتنی هەموو کومەڵگایەک بەندە بەئاستی خوێندن و خوێندەواریەوە). (قەرەداغی، ٢٠١١، لا، ١٣).
هەروەک دەزانین، کرداری خوێندنەوە کە لەلایەن قوتابی ئەنجام دەدرێت، زانینی پیتەکان و ناسینەوەی دەنگەکان هەنگاوی فێربوونی خوێندنەوەن ئەمە یەکێکە لە هەنگاوی کرداری خوێندنەوە، لە ڕێگەی بینین و ناسینەوەی پیتەکان قوتابی بەیەکەوە یان دەبەستێتەوە و دەیخوێنێتەوە. (هەنگاوەکانی فێربوونی خوێندنەوە لە زانینی پیتەکان و ناسینەوەی دەنگەکانیان و چۆنیەتی پێکەوە پەیوەستبوونیان دەست پێدەکات). (عدس، ٢٠٠٠، لا، ١٣٦). کەواتە بریتییە لە پرۆسەیەکی پەروەردەیی کە قوتابی لە سەرەتای چوونی بۆ قوتابخانە فێری دەبێت، خوێندنەوە بە مەبەستی ڕۆشنبیری زیاتر یاخود فێربوونی زانیاری زیاتر بۆ ئەوەی قوتابی مێشکێکی فراوانتر و باشتری هەبێت، خوێندنەوە بەڵگەیەکە لەسەر ڕۆشنبیری بیری ئەو خوێنەرە، چونکە خوێنەر وەرگری ڕۆشنبیری وڵاتە جیاوازەکان دەبێت، بە یارمەتی ئەو وەسف و وێنە و هێمایانەی کە

لەناو کتێبەکەدا نوسراوە و کێشراوە ئاشنایان دەبێت، وە لەلایەکی ترەوە خوێنەر زانیاری جیاواز و زیاتری لە فەرهەنگی وڵاتان دەست دەکەوێت.
ئەو خوێندنەوەی ئێمە لێی دەدوێین، خوێندنەوەیەکە بە مانا گشتی و فراوانەکەی هەر ئەو چالاکیانەنین کە پەیوەستن بە بڕیار لێدراوەکان و پرۆگرامەکانی خوێندن، بەڵکو تێدەپەڕێ بۆ هەموو جۆرە خوێندنەوەیەکی بەسوود بۆ بنیاتنان و ڕۆشنبیرکردنی قوتابیەکانمان، خوێندنەوە لە ڕاستیدا خولیا بوونێکی کاریگەرە و چالاکییەکی تایبەتە هەروەها کارامەییەکی وا لە تاکی خوێنەر دەکا دەرک بە ناوەخنی دەقێکی نووسراو بکات پەیکەری لێکدانەوە و تێگەیشتن، چونکە خوێندنەوە بە شرۆڤەکردنی تۆڕی هێماکانی زمانەوانی دەستپێدەکا و دەقێک لە دەقە جۆراوجۆرەکانی لێ پێکدێت. سەرچاوەیەک پێی وایە کە (خوێندنەوە گرینگترین هۆکاری گواستنەوەی عەقڵی مرۆییە). (شحاتە، ١٩٩٣، لا، ١٠١). بە دەربڕینێکی ساکار خوێندنەوە بریتییە لە شرۆڤەکردنی وتەکانی نێو دەقێک کرداری خوێندنەوە بریتییە لە کۆمەڵە شارەزاییەک کە یارمەتی خوێنەر دەدات چالاکانە ئەو کردەیە کە بە چەند گۆڕانکاریدا تێپەڕ دەبێت بە پێچەوانەی نووسین، چونکە کۆمەڵێک چالاکی لە خۆ دەگرێت کە پێویستییان بە لێکدانەوە و بەردەوامی و وردبینی هەیە، بۆیە دەبینین خوێندنەوە پێویستی بە وزەیەکی بەهێز و توانایەکی بەرزی هزری ئالۆز و جۆراوجۆر هەیە.
لەکۆتایی ئەم نووسینەدا لێکۆڵەران وای دەبینن کە خوێندنەوە زۆر زیاترە لەوەی باسکرا، چونکە یەکێکە لە ئامانجەکانی فێرکردن کە لەبازنەی یەکەمدا وەک سەنگی مەحەک، پێویستە قوتابی فێری ببێت. لەبەر ئەم هۆکارە لێکۆڵەران لەبەشی دووەمدا وەک بەشێکی گرنگگ لە ناونیشانی ئەم لێکۆڵینەوەیە، باس لەو هۆکار و ژینگەو کەناڵە پەروەردەییانە دەکەن کە هۆکاری گەشەو بەرەوپێشچوونی ئەم لقە گرنگەی زمانە.

## نووسین

دیارە پەیوەندییەکی زۆر بەتین هەیە لەنێوان خوێندنەوەو نووسین. باش بوون لەهەرکامێکیان، دەبێتە هۆی باشبوون لەوەی تریان. سەرچاوەیەک لەمبارەیەوە نووسیوێتی: (بۆ ئەوەی کەسێک لە نووسیندا باش بێت پێویستە بخوێنێتەوە و مەشق لەسەر حونجەکردن و ڕێنووس بکات ئەویش بە ڕێگەی تێبینیەوە لە کاتی خوێندنەوەی زۆردا، خوێندنەوەی زۆر هەڵەی نووسین و ڕێنووس ناهێڵێت). ( محەمەد، ٢٠١٥، لا، ٦٧). شایەنترینی نووسینەکان بۆ خوێندنەوە, ئەوەیانە ناوەڕۆکێکی تازە, سەردەمییانە و پێشخەرانەی هەبێت و بێزارکەرترینیشیان ئەوەیە کە پاتەی بیستراو و گوتراوی کەسانی دیکە بێت. بەم پێیە, کەسانێک دەیانەوێت شتێک بڵێن کە خەڵک ڕۆژانە چەندان جار لە میدیا فەرمی و بانگەشەکەر و گوتارە باوەکانەوە گوێبیستی دەبن؛ نابێت چاوەڕێی ئاوڕلێدانەوە بن. ڕاستە هەر قسەیەکی نوێ و بێپێشینە ڕاست و درووست نییە؛ بەڵام قسەی دووبارە هەمیشە بێزارکەرە, مەگەر بۆ کەسانێک بە قسەی دووبارە ڕاهاتبن. کەواتە (نووسین : دەربڕین و ڕوونکردنەوەی دەنگەکان بە هۆی وێنەی دروست کراوە کە پێی دەڵێن پیت).

(فەخر، ١٩٨٧، لا، ٩). بۆ نموونە سڕینەوەی یەک وشەی زیادە، هەڵگرتنی بارێکە لەسەر شانی ڕستە و تێگەیشتنی خوێنەر. ڕستە تا پوختتر بێت, چالاکترە و لە تێگەیشتی خوێنەرەوە نزیکتر. کەواتە نووسینیش لقێکی تری گرنگی زمانە و پێویستە بایەخی زیاتری پێبدرێت.
ماوەتەو بڵێین: باشەخی نووسین لەچیدایە؟ بێگومان جگە لەوەی کە هۆکارێکە بۆ گواستنەوەی بیر و بۆچوونەکان لە کەسێکەوە بۆ کەسانی تر، لە ڕێگەی نووسینەوە، هەروەک ئەم سەرچاوەیە باسی لێوە دەکات: (نوسین هۆکارێکە لە هۆکارەکانی دەربڕینی فکری قوتابی، البجە،١٩٩٩،ل٣١٥). هاوکات هۆکاری گەنجینەکردنی زمانیشە. لەلایەکی ترەوە بەهۆی نووسینەوە دەتوانرێت مێژوو و کلتور و ڕەسەنایەتی لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر بگوازرێنەوە.
هەروەها نوسەری ناوداری کورد مارف بەمجۆرە نوسیت دەناسێنێت و پێیوایە ( نوسین لە ئەنجامی پەیوەندی دوور و درێژی ئابووری و سیاسی و کلتووری میلەتی کورد لەگەڵ میلەتانی تردا گەلێک وشەی بێگانە هاتۆتە نێو زمانی کوردییەوە و بنجی خۆیان پتەو کردوە بێگومان ئەوەی کورد لە بێگانەی وەر گرتوە خستویەتیە ژێر باری فۆنەتیک و ڕێزمانی کوردیەوە بەمە بەرگێکی کوردی بەبەردا کردوە ئەوەش کە پتر پێوسیتی بە دەستکاری کردن بوو زیاتر وشە عەرەبییەکان بووە دەستکاریی وشە عەرەبییەکان لە چەند ڕێگایەکەوە بووە بۆ نمونە ئەگەر لە وشەی عەرەبیدا دەنگێک هەبوێ کە لەگەڵ یاسای فۆنەتیکی زمانی کوردی ڕێک نەکەوتبێ ئەوا گۆڕان کاری بەسەردا هێناوە بە وێنە دەی بینین دەنگی (ث–ص–ض–ط–ظ–ذ...) کە لە وشەی عەرەبیدا هەن لە کوردیدا کراون بە (س–ت–ز...) (مارف، ١٩٨٦، لا، ١٤١).
هەروەک پێشتر باسکرا کە خوێندنەوە بەلای لێکۆڵەرانەوە جێگەی بایەخ و گرنگیپێدان بوو، بەهەمان شێوەش ئەم لقەی تری زمان کە (نووسین)ە بەهەمان شێوە گرنگەو پێویستە تواناکانی مامۆستا و هەوڵەکانی قوتابخانە هۆکاری زوو فێربوونی فێرخوازان بن بۆ ئەم کارامەییەی زمان.

## بەشی دووەم: تەوەری یەکەم: ڕۆڵی گۆڤاری منداڵان لە پەروەردەو فێرکردندا

### گۆڤاری منداڵان

کاتێک باس لە گۆڤاری منداڵان دەکەین، مەبستمانە باس لەو ئەدەبە بکەین کە بۆ منداڵان و فێربوونی منداڵان دەگوترێن و دەنووسرێن.

ئەدەبی منداڵان جۆرێکە لە جورەکانی هونەری ئەدەبی، تایبەتە بە منداڵانی قۆناغی پێش قوتابخانەی بنەڕەتی تا قۆناغی مێردمنداڵی. کە هەموو ئەو بابەتە نووسراو و زارەکییانە دەگرێتەوە، کە بۆ منداڵانیان نووسیون و دەنووسن، بە تایبەتی بۆ منداڵان نووسراون یا وتراون، لەگەڵ وێنەی روونکردنەوەدا، منداڵان دەیانخوێننەوە، وەک: پەخشەان، چیرۆک، هۆنراوە. بە واتا گشتییەکەی، ئەو بەرهەمە هزرییانەیە لە هەموو بوارەکانی زانستیدا، کە لە پەرتووکی چاپکراودا ئاراستەی منداڵانی دەکەن. وەک چەمکە تایبەتییەکەی، گوزارشتی جوان و وتەی شیرین و ئاسان دەگەیەنێ، کە خۆشی دەخاتە دەروونی منداڵان و زەردەخەنە دەخاتە سەر لێوەکانیان.

لە بارەی بەها و گرنگی ئەدەبی منداڵان، شاعیری ناسراوی بولگاری (ران بوسلیک) دەڵێت: (ئەدەب بۆ منداڵان، وەک شیری دایک و هەوای پاک وایە، کە پێویستە هەبن) دکتۆر (ناسرەدین ئەلئەسەدی) یش دەڵێت: (ئەدەبی منداڵان بۆ بیر، وەک ڤیتامینەکان وایە.. کە هۆش و ئەندێشە پێویستییان بە جۆرەکانی هەیە. هەر جۆرێکیش لایەک لە بیر و هەست و لایەنە ئەندێشەییەکان مەست دەکات). (دۆن مورایە) ش دەڵێت: (ئەدەبی منداڵان، کاریگەرییەکی گرنگ و بایەخێکی جیاوازی لە ژیانی ئەمرۆ و داهاتوودا هەیە). یەکەم شت کە لەبەرچاوبگیرێت، ئەوەیە کە نووسین بۆ منداڵان، جۆرێکە لە جۆرەکانی پەروەردەی منداڵان. ئەدەبی منداڵان بە رادەیەکی زۆر بەشداری و هاوکاری لە هێنانەدی گەلێ ئامانج دەکات، کە پەیوەندییان بە فیرکردن و پەروەردەی منداڵانەوە هەیە. چونکە ئەدەبی منداڵان سەرچاوەیەکی گرنگە لە سەرچاوەکانی زانستی. هەروەها سامانی زمانی منداڵان، لە وشە و رستەی تازە دەوڵەمەنتر دەکات.

لەبەر ئەوە پێویستە نووسەرانی ئەدەبی منداڵان، پێویستە پەروەردەکار و مامۆستا و دەروونناسی منداڵان و هونەرمەندبن. شارەزای قۆناغەکانی گەشەکردنی منداڵان و پێویستییەکانی هەریەکە لە قۆناغەکانی منداڵی بن. لە کۆندا، ئەدەبی منداڵان بریتیبوو لە چیرۆک و هەقایەتی ئەفسانەیی. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، پێشکەوتنێکی گەورە لە ئەدەبی منداڵاندا روویدا. بە سەردەمی زێڕینی ئەدەبی منداڵان ناوبراوە. چونکە لەو سەردەمەدا چەندین پەرتووکی کلاسیکی منداڵان چاپکران و بڵاوکرانەوە. گۆڤاری مانگانەی رەنگاورەنگی تایبەت بە منداڵان بڵاوبوونەوە. لە رووی چەندێتی و چۆنییەتییەوە پێشکەوتنێکی گەورە لە ئەدەبی منداڵاندا هاتەدی. وشە و وێنە و رەنگ ئاوێتە بوون و جوانییەکی تەواویان بە پەرتووکەکانی ژانرەکانی ئەدەبی منداڵان بەشیون. (ڕەزا، ٢٠٢١)

حەمەکەریم عارف لە ژمارە (٨٦) گۆڤاری (گزنگ) لە لاپەڕە (٦١) لەژێر ناوی ئەدەبیاتی منداڵان و نەوجواناندا دەڵێت: (ئەدەبیاتی منداڵان بەو بەرهەمانە دەوترێ کە بۆ سەرگەرمی و فێربوونی منداڵان و مێرمنداڵان دەنووسرێن). مەبەستی نووسەر لێرەدا ڕوونە کە پێویستە لە بڵاوکراوەکانی ئەدەبی منداڵاندا هەندێک مەرج هەن دەبێت ڕەچاو بکرێن؛ ئەوانیش بریتین لەوەی منداڵ هەم چێژی لێببینێت و هەمیش سوود. هەربۆیە نووسەر لە شوێنێکی تردا باس لەم ڕاستییە دەکات و دەڵێت: (بەرهەمە ئەدەبییەکانی منداڵان پێویستە لە ڕووی زمان و ناوەڕۆکەوە وزارشت لە حەز و تەمەنی منداڵ بکات). کەواتە ئەوەی لێرەدا لێکۆڵەران مەبەستیان بریتییە لە کار کردن لەسەر گۆڤارێک لە گۆڤارەکانی منداڵان، بەئاراستەی فێرکردنی منداڵان لە قۆناغە سەرەتاییەکانی خوێندن.

## مێژووی گۆڤار

مێژووی هاتنەکایەی گۆڤار لە جیهاندا مێژوویەکی دوور نییە و لە چوار سەدە تێپەڕ ناکات، بەڵام گەڕانەوە بۆ ئەم مێژووە بە مەبەستی ئاشنابوون بە قۆناغەکانی دەرکەوتنی گۆڤار پێویستی بە گەڕانەوە بۆ مێژووی ڕۆژنامەگەری و قۆناغەکانی گەشەسەندنی بزووتنەوەی چاپ و بڵاوکردنەوەی لە جیهان بە تایبەت لە ئەوروپادا هەیە، لە سەرەتای سەدەی حەڤدەهەمی زایینی لە ئەوروپا کۆمەڵێک گۆڤار لە شێوەی بڵاوکراوەی سادە دەرچوون کە پێویستیان بە کۆشش و کاتێکی زۆر هەبوو لە ئەنجامی بەردەوامی و هەوڵی بێ وچانی ڕۆژنامەگەران لەو سەردەمەدا بزوتنەوەی ڕۆژنامەگەری ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو پێش چوونی زیاتری بەخۆوە بینیووە و گۆڤاریش هەنگاو بە هەنگاو گۆرانکاری بەسەردا هاتووە و شێوەو فۆڕمی جیاجیای وەرگرتووە. لە سەدەی بیست و یەکەمدا ڕۆژنامەگەری پێی نایە قۆناغێکی پێشکەوتووتری نوێ، بە هۆی دەرکەوتنی تەکنەلۆژیای ئنتەرنێت و کاریگەریەکانی لەسەر بوارەکانی چاپکردن و گۆڤار و کەرەستەو ئامرازی ڕاگەیاندنی کاغەزی بە گشتی، چەند گۆڕانکاریەک بەسەر پێکهاتەو ناوەڕۆکی گۆڤارەکان وشێوازی چاپکردن و بڵاوکردنەوەو گەیاندنیان بە خوێنەر هات). (حەسەن، ٢٠٢٠، لا ١٢٨ ــ ١٣٠).

## پێناسەی گۆڤار

گۆڤار بە بەڵگە یان نووسراوەیەک دەوترێ کە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و لە کاتی دیاریکراودا بڵاو دەبێتەوە و بەپێی ژمارە و ڕێکەوتی دیار لە بابەتی جۆراوجۆر وەکو: کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی، ئاینی، زانستی، وەرزێڕی، سەربازی، وەرزشی و دایە و زیاتر لە دووجار لە ساڵێکدا وەشانی بۆ بکرێ و زیاتر لە دوو وتاری تێدا بێت. هەندێ کۆڤار بە گشتی لە مەڕ زانستێک وەک لێکۆڵینەوە و توێژینەوە خودی ئەو زانستە دەدوێت. (گۆڤار بە مانا گشتییەکەی جۆرێکە لە جۆرەکانی کتێبی بچووک لە ڕووی قەبارەوە شێوەی لاپەڕەکانی گەورە و بەرگێکی

**کاغەزی هەیە، ناوەڕۆکەشی چەندین وێنە و چاوپێکەوتن و بابەتی هەمەجۆری لەخۆ گرتووە و بەشێوەی هەفتانە یان وەرزانە یاخود سالانە لەلایەن دەزگایەکی وەشاندن چاپ بلاودەکرێتەوە.**

**لە پێناسەیەکی کورتدا بریتییە لە بلاوکراوەیەکی دەوری تایبەت بە بوارێکی دیاریکراو و توێژێکی تایبەتی دیاریکراو لە خوێنەر. یان بریتییە لە بلاوکراوەیەک کۆمەڵێک بابەتی هەمە جۆری وەک چیرۆک و هۆنراوە و وتار و ڕەخنە و بابەتگەلی ئەدەبی و زانستی لەخۆگرتووە لەگەڵ کۆمەلێک وێنە و نەخشە و هێڵکاری و گرافیک و کاریکاتیر بۆ گوزارشت کردن لە بابەتەکان).(حەسەن، ٢٠٢٠، لا، ١٢٨).**

## **ڕۆڵی گۆڤار**

**گۆڤار چەند ڕۆڵێکی هەیە کە گۆڤار جیادەکاتەوە لە ڕۆژنامە ڕۆڵی گۆڤار جۆراوجۆرن لەم چەند خاڵەی خوارەوە باسیان دەکەین:**

1. **گۆڤار هەواڵ و رووداو واقعەکە شیدەکاتەوە و خوێنەر دەگاتە ئەنجام.**
2. **گۆڤار هەفتانە و مانگانە و وەرزی و سالانەی هەیە.**
3. **گۆڤار بابەتەکان کۆکراوەی هەفتانە و مانگانەیە بە دوایی چارەسەرەو بە تێروتەسەلی مەوزووعەکان پەخشدەکات.**
4. **گۆڤار بە شێوەی جیاواز لاپەڕەکانی سنووردار نییە.**
5. **گۆڤار بابەتی زانستی و ئەکادیمی چڕ بلاودەکرێتەوە.**
6. **گۆڤار پاش چەند مانگێکیش سوودی هەیە. (حەسەن، ٢٠٢٠، لا، ١٣٠).**

**جیا لەمانەی باسکران، ئەوەی کە ئێستە لێکۆڵەران، لەم لێکۆڵینەوەیەدا مەبەستیان، ئەو گۆڤارانەیە کە توانای منداڵان زیاتر دەکەن بۆ فێربوونی خوێندنەوە و نووسین. هەروەها ڕۆڵ دەگێڕن لەوەی کە قوتابی زانیاری زیاتر وەربگرێت وەک پاڵپشتییەک بۆ زانست و زانیاری و فێربوونی زمان.**

**بەشی دووەم: تەوەری دووەم: نموونەی چەند گۆڤارێک**

توێژەران لێرەدا بەکورتی باس لە چەند گۆڤارێکی منداڵان دەکەن، چ وەک ناساندن، چ وەک خستنەڕووی ڕۆڵ و گرنگی ئەو گۆڤارانە بۆ منداڵان.

**دیمانەی سەرنووسەر**

جگە لە خستنەڕووی ئەو گۆڤارانە، توێژەرەان لەڕێگەی چەند پرسیارێکەوە، پەیوەندیان کردووە بە کەسایەتییەکی دیار و بەرچاوی دونیای ڕۆژنامەگەری و جیهانی منداڵان و حەز و هیواو تواناکانیان. هاوکات وەک کارەکتەرێکی سەرەکی بۆ دەرهێنانی ئەم گۆڤارنەی منداڵان. ئەویش بەڕێز (مامۆستا هەڵگورد عبدالوهاب جوندیان)یە. بەڕێزیان لەدایکبووی ساڵی (١٩٦٦)ی ناوپردانە لەدەڤەری باڵەکایەتی. بەڕێزیان تاکو بەر لەڕاپەڕین، ژیانێکی پڕ لە نەهامەتی و ئاوارەیی دەربەدەری بردۆتە سەر. بەڵام دواتر و پاش ئازادبوونی باشووری کوردستان، دەرفەتیان بۆ دەڕەخسێت، بەهرەکانی خۆیان برەو پێبدەن. یەکەمین گۆڤاری منداڵان کە دەری دەکەن، بریتییە لە گۆڤاری (پەڕەسێلکە)، کە لەزانکۆی سەلاحەدین بۆیان بەچاپ دەگەیەنن.

خولیای کارکردن لەدونیای منداڵان، دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای تەمەنی ناوبراو، کە لەتەمەنی (١٤) ساڵیدا لەگەڕەکی سێتاقان، بڵاوکراوەی بواری منداڵانیان دەرکردووە لەگەڵ برایەکی و چەند هاوڕێیەکی تریدا.

بەڕێز مامۆستا هەڵگورد لە ساڵی (٢٠٠٣) دەبێتە بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری و لاوان، هەروەها وەرگرتنی بەشی ڕاگەیاندن لەوەزارەتی ڕۆشنبیری، هەموو ئەمانە بوونە هۆکاری ئەوەی لەسەر دەستی بەڕێزیان زیاتر خزمەت کراوە بە دونیای منداڵان. هەروەها پاڵ دەکردنی گۆڤار، هەوڵی دانانی کەناڵی منداڵانیان داوە، نموونەی (زارۆ TV). ئەمانە ئەوە دەردەخەن کە ناوبراو تەمەنێکی دور ودرێژ کاری سەرەکی و خەمی گەورەی خزمەتکردن بووە بە دونیای منداڵان، نموونەی گۆڤارەکانی (پەریستان و کۆلارەو پەرەسێلکە). بەڕێزیان ئاماژە بەوە دەکەن، کە خەمی پشت هەوڵەکانمان بریتییە لە گرنگیدان بە (زمانی دایک).

جگە لەو گۆڤارنەی ڕاستەو خۆ دەریکردوون، هاوکات ڕۆڵی هەبووە لە دەرهێنانی (گۆڤاری نەورۆز) لەساڵی (١٩٨٠). لەکاتێکدا ناوبراو توانیوێتی بەشێوەی خۆبەخش لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا گۆڤاری منداڵان دەربکەن بە تیراژی (٣٠٠٠) سێ هەزار دانە، دەرکردنی گۆڤار تەنها لەتوانای پارتە سیاسییەکان بووە. دەستکەوتێکی تری گۆڤاری (پەڕەسێلکە) بریتییە بوو لە یەکگرتنی لەگەڵ گۆڤاری (کۆچەر) بوو کە لە سویدا دەردەچوو. بەگوتەی ناوبراو، گۆڤاری (کۆلارە)، هەنگاوێکی پێشکەوتووتری بەرهەمی منداڵان بوو،کە لەسلێمانی دەردچوو لە ساڵی (١٩٦٦) بەدواوە. کۆلارە بۆ ئەوکات دەچێتە کێبڕکێی هەریەک لە (هەنگ و پەپولەو جگەرگۆشەکان).

سەبارەت بە(پەریستان)، بڵاوکراوەی منداڵان، وەک پاشکۆیەک لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) دەر دەکرا، کە لە لایەن ستافی (پەڕەسێلکە)وە دەردەکرا.

بەڕێزیان پێیان وایە کە گۆڤاری منداڵان، ئەوەیە کە بایەخ بە ئاستی مەعریفەی منداڵ بدات و ئاستی بەرەو پێش ببات و ئاشنای دەوروبەر و کۆمەڵگەکەی بکات. هەروەها پێیان وایە کە گۆڤار دەبێت منداڵ سەرسام بکات و چێژی پێ ببەخشێت و سەرنجی ڕابکێشێت. پێویستە ئەوانەی کە کار لەگۆڤاری منداڵان دەکەن، پێویستە ڕەچاوی لایەنی دەروونی منداڵ بکات، لەگەڵ گرنگیدان بە زمانی دایک، لەلایەکی ترەوە کلتوری ژینگەپارێزی پەرەپێ بدات و بابەتی ئاژەڵ دۆستیش لایەنێکی ترەوە پێویستە بایەخی پێ بدرێت. بێگومان نیشتیمان پەروەریش تایبەتمەندییەکی ترەوە پێویستە ڕەچاو بکرێت لەگۆڤاری منداڵاندا. هاوسەنگی ڕەگەزی خەمێکی تری ئێمەبوو کە بەلامانەوە گرنگ بوو ڕەنگ بداتەوە لە گۆڤارەکاندا.

نووسەر لەدیمانەکەیدا نیگەرانە لەسستی ئاستی خوێندەواری، بەوەی کە خوێندنەوە نەبۆتە کلتور. چونکە بەڕێزیان بڕوایان وایە کە گۆڤار دەتوانێت پاڵپشتێکی باشی پرسی پەروەردەو فێرکردنە. بەڵام بەداخەوە لەئێستادا تەکنەلۆجیا جێی پێی بڵاوکراوەی لەق کردووە. ئەمەش نیگەرانیی هەموو نووسەر و هەمیش ئێمەی توێژەران. وا بەباش دەزانرێت، ئەم بابەتە لەقوتابخانەکاندا خەمی لێ بخورێت بە هەبوونی گۆڤارێکی چیرۆک ئامێز، بەشێوەیەکی بەرنامەداڕێژ، قوتابییان بیان خوێننەوە و لەنێو یەکتردا تاوتوێی بکەن.

سەرچاوە دیمانەیەکی (٥٠) خولەکی لەگەڵ بەڕێز (مامۆستا هەڵگورد عبدالوهاب جوندیانی)یدا، کە لە ڕۆژی ٢٠٢٤/٤/٧، سازدرابوو، لەکاتژمێر (٨:٠٢ تاکو ٨:٥٢) خولەکی خایاندووە.

دوای ئەم دیمانەیە توێژەران بەشێوەی کرداری، هەرسێ گۆڤارەکە دەخەنە ڕوو:

### گۆڤاری پەرەسێلکە

ئەو گۆڤارەیە کە تایبەتە بە منداڵان پڕیەتی لە گۆڤاری بە سوود و ڕۆشنبیری لە ڕووی پەروەردە و فێرکردنەوە، گۆڤاری پەرەسێلکە یەکەمین گۆڤاری سەربەخۆی منداڵانە کە لە پاش ڕاپەرین و ساڵی ١٩٩١ەوە بە بەردەوامی و هەژارانە دەردەچێت، وە هەرجاری ژمارەیەکی تازە دەردەچێت، وە بە هەردوو شێوەزاری سۆرانی و بادینی چیرۆکی تێدا باس کردووە.

لە گۆڤاری پەرەسێلکەیە زۆر لایەنی باس کردووە بە نموونە لایەنی هونەری و زانستی کە بۆ ئەوەی منداڵان سوودی لێوەرگرن لە گۆڤارەکەیە بە وێنە باسی بابەتەکە کردووە بۆ ئەوەی منداڵان ئارەزووی زیاتریان بۆ هەبێت بۆ خوێندنەوەی گۆڤار چونکە منداڵانی ئەم تەمەنە بەم شێوەیە زیاتر ئارەزووی خوێندنەوە دەکات بە نموونە لە ( ژمارە حەوت ) ی پەرەسێلکەیە بە وێنە و

نووسین باسی لە بابەتێک کردووە بە ناونیشانی ( جوانترین بوکە مێوە ) لە سەرەتادا وێنەی دروستکردووە دواتر نوسین بۆ ئەوەی منداڵان بیر بکەنەوە مەبەستی لە چییە کە دەڵێت ( کچەکەم لە بازار گەرایەوە ، سەبەتەکەی پڕ شت بوو ، کولەکەیەکی گەورەم لێ دەرهێنا ، پاشان تەماتەیەکی سوورم وەکو کڵاو خستە سەری ، بۆ چاوەکانیشی ، دوو دەنکە ترێم ، لە خوارتر بە بزمار چەقاند ، ...) بە نموونە ئەمەم باس کرد بە لامەوە شتێکی زۆر باش و بەسوود بوو بۆ منداڵان کە لە گۆڤاری پەرەسێلکەیە باس کرا بوو ، وە هەروەها لەم گۆڤاری پەرەسێلکەیە لایەنی زانستی باس کراوە چەندین بابەتی بەسوودی زانستی ئاماژەی پێکردووە بۆ ئەوەی منداڵان زانیاریان لەسەری هەبێت ، بە نموونە لە ( ژمارە حەوت ) ی پەرەسێلکەیە باسی لە ئامێرێکی زانستی کردووە کە وای کردووە کە منداڵان ئەم گۆڤارە بخوێننەوە بزانن ئەم ئامێرە سوودی چییە و بۆچی بەکاردێت ، کە ئامێری ( میکرۆسکۆب ) کە دەڵێت: ( هەمووومان دەزانین کە بەشێک لە نەخۆشیەکان ، بەهۆی میکرۆبەوە توشی مرۆڤ دەبێت . هەروەها دەزانین کە میکرۆب زیندەوەرێکی گەلێک بچووکە. ئەوەندە بچووکە ، کە بە چاو نابینرێت . کەواتە مرۆڤ چۆن چۆنی زانیویە کە میکرۆب هەیە ؟ کێ هەیە زەرەبینی نەبینیبێ ؟ زەرەبین یارمەتی ئیمە دەدات کە نووسراوی گەلێک وورد بخوێنینەوە هەروەها سەعاتچیەکان گەلێک جار بەکاری دێنن . مایکرۆسکۆب ، دەزگاییە ، کە لە چەند زەرەبین پێک هاتوە و ئێمە بۆ بینینی میکرۆب و شتە وردەکانی تر ، بەکاریدێنین . بەهۆی ( میکرۆسکۆب ) ەوە ، مرۆڤ، زانیویە، چارەسەری نەخۆشییەکان بدۆزێتەوە. لەم بابەتەی گۆڤاری پەرەسێلکەیە ئەوەی بۆ منداڵان خستۆتە روو کە بەهۆی ئامێری میکرۆسکۆب دەتوانین شتی زۆر وورد بینین تەنانەت میکرۆبیش کە زۆر ووردە بۆ منداڵان دەرکەوت کە ئەم ئامێرە زۆر بە سوودە ئەم لایەنەی باس کردووە بۆ ئەوەی منداڵان ئاگاداربن لە میکرۆب کە دەبێتە هۆی نەخۆشی هەوڵبدەن خۆیان پاکو خاوێن ڕابگرن دووربن لە نەخۆشی . بە هۆی ئەم گۆڤارەوە منداڵان زیاتر ئارەزووی خوێندنەوە دەکەن بەهۆی ئەو وێنە و چیرۆکانەی کە لە ناو گۆڤارەکەدا بوونی هەیە هەریەکە باس لە بابەتێکی بەسوود دەکات کە منداڵان دەتوانن لێیانەوە فێربن .

**گۆڤاری پەریستان**

گۆڤارێکی مانگانەی منداڵانە کوردستانی نوێ دەری دەکات، زۆربەی بابەتەکانی بۆ پەروەردە کردنی منداڵان تەرخان کردووە، وە ئەم گۆڤارە بە هەردوو شێوەزاری سۆرانی و بادینی بابەتی تێدایە.

گۆڤاری پەریستان لە زۆر بوار و بابەتی بۆ منداڵان لە خۆ گرتووە کە باس لە چیرۆکێکی تایبەت بە منداڵان و ئەم چیرۆکانە پڕ بوون لە بەسەر هاتی سەرنج ڕاکێش و بەسوود بۆ منداڵان بە خوێندنەوەی ئەم چیرۆکانە سوود وەرگرن هەروەها باسی لە ئاژەڵ و باڵندەکان کردووە بۆ ئەوەی

بتوانن بیان ناسن و شارەزایان لەسەر هەبێت چۆن دەژین و چی دەخۆن ، هەروەها لە گۆڤارەکەدا پرسیار و وێنە هەیە کە منداڵان حەزی پێدەکەن.

هەروەها لە ( ژمارە سێ ) ی گۆڤاری پەریستاندا باس لە ڕۆژی منداڵان دەکات . ( هەموو ساڵێک لەم ڕۆژەدا لە هەموو وڵاتان دەزگا و ڕێکخراوەکانی منداڵان بەم بۆنەیەوە گرنگییەکی زۆر بەمنداڵان دەدەن و زۆر ئاهەنگ و ڤیستیڤاڵ و کۆڕی خۆش دەگێڕن ، بەداخەوە هێشتا منداڵانی کورد لە شادی ئەم جەژنە بێ بەش و لایەنە بەرپرسەکان نەگەیشتوونەتە ئەم ئاستەی کەوا بکەن ئەم جەژنە جیهانییە لە کوردوستانیش پێش وازی لێ بکرێ و ئەم شادییە دڵی منداڵە بێ نازەکانی ئێمەش بگرێتەوە .)

لەم گۆڤارەدا باسی لە ڕۆژ و مانگەکەی کردووە کە ( ٦/١ ) بۆ ئەوەی منداڵان ئەم ڕۆژەی خۆیان لەیاد بێت و شارەزای بن و گرنگی پێبدەن کە ئەم ڕۆژە تایبەتە بە خۆیانەوە چونکە گۆڤارەکە تایبەتە بە منداڵان بۆیە دەبێت لە گۆڤارەکەدا باس لە ڕۆژی منداڵان بکرێت ، واباشە لەم ڕۆژەیا دایکان و باوکان دیاری بۆ منداڵەکانیان بکرن یان بیانبەن بۆ ئەو شوێنانەی کە منداڵان حەزی پێدەکەن. بابەتێکی تری ئەم گۆڤارە کە سەرنجی ڕاکێشام باسی لە بەزەی مرۆڤ دەکرد بە ناونیشانی ( دار بڕێکی بەبەزەی )

( ڕۆژێک دار بڕێک زۆری نەمابوو بە تەورەکەی دار بەڕوێک بیبرێتەوە لە پڕ گوێی لە دەنگێک بوو ، راوەستا،!! بەڕوەکانم هێشتا کاڵن ! دار بڕەکە وازی هێناو چوو بەلای دار گوێزێکەوە تا بیبرێتەوە ، دارەکە بە چپە وتی وا بولبولێک لەسەر چڵەکانم دەخوێنێ ، ئەگەر من بمرم ئەویش دەفڕێ ئەم جارە چوە لای دار سنۆبەرێک ، ئەویش وتی وازم لێبێنە ، من و ئەم دارە سەوزین ، خۆشی بە هەموو کەسێک دەبەخشین بەبێ ئێمەش دارستان ، نییە داربڕەکە خەم دای گرت بۆ دارەکان ، لە گەڕانەوەیدا بۆ ماڵەوە چاوی بە پیرە مێردێک کەوت کە کراسێکی لە ڕیشووی دار سنۆبەر دروستکراوی لەبەر دابوو ، دارەدەستێکی زێرینیشی بەدەستەوە بوو ، پیرەمێرد کە چاوی بە داربڕەکە کەوت گووتی من باوکی ئەم دارستانەم ، دەمەوێ سوپاست بکەم چونکە بەزەیت بەمنداڵەکانمدا هاتەوە ئەم دارەدەستە زێرینەت دەدەمێ هەر داخوازییەکت هەبێت بۆتی جێبەجێ دەکات بەڵام داوای زۆری لێ مەکە ئەگینا توشی نوشستیت دەکات !

پاش هەندێک دار بڕەکە سێ جار دارەدەستەکەی بەسەر شارەمێرولەیەکدا راوەشاند و گوتی عەمبارەکەم بۆ دروست بکەنەوە ، پاشان گەراوە ماڵێ تا بنوێت بۆ ڕۆژی دوایی چوە دەرەوەو تەماشای کرد قسەی پیرەمێردەکە راست دەرچوە .

چونکە مێرولەکان عەمبارە کۆنەکەیان بە عەمبارێکی تازە و جوان گۆری بوو . ئەوەتا جاڵجاڵۆکەش کەتتانی بۆ دەچنن . جرجە کوێرەکانیش زەوییەکەیان بۆ کێلاو مێرولەکانیش چاندیان و بەروبومەکەشیان بۆ دروێنە کرد ، دارەکانیش شیلەیەکی شیرینیان پێ دەبەخشێ و

هەنگەکانیش هەنگیان دەدایە ، مەنجەلیش ژەمە خواردن و مێزیان بۆ ئامادە دەکرد. بەم شێوەیە نەوەی دار بڕەکە دارەدەستە زێرینەکەیان لە نەوەییەکەوە دەدا بە نەوەیەکی تر هەموویان پێی دڵخۆش بوون بەڵام ڕۆژێک دارەدەستەکە کەوتە دەست پیاوێکی گێلەوە ! ئەم پیاوە داوای هەتاو کرد لە ئاسمان بێتە خوارەوە و پشتی گەرم بکاتەوە ! هەتاو بەم داوایە زۆر توڕە بوو لەڕقانا تیشکی ئەوتۆی ڕەوانەی سەر زەوی کرد سەرتاپای کێڵگەکەی سوتاند دارەدەستەکەشی سوتاند و بەتەواوی تواندەوە ...!! )

لەم چیرۆکەدا ئەمەمان بۆ ڕون دەبێتەوە کە منداڵەکانمان هەر لە قۆناغی سەرەتایدا فێری بەبەزەی بکەین بەرامبەر هەموو شتێکی زیندوو نازیندوو وە فێری خۆشەویستی و ڕێز گرتنیان بکەین بەرامبەر بە شتەکان وە فێرییان بکەین ڕازی بن بەو بەشەی هەیتیان وە بە گرنگی و جوانی بەکاری بێنن وە ئەگەر زیادەڕەوی بکەن لە داواکردنی ئەو بەشەی کە هەیتیان دەبێتە هۆی لەدەست دانی بەشەکەیان .

### گۆڤاری کۆلارە

ئەو گۆڤارەیە تایبەتە بە منداڵانی تەمەن(٩–١٥) ساڵانە، گۆڤاری کۆلارە درێژە پێدەری گۆڤاری پەرەسێلکەیە کە یەکەمین گۆڤاری منداڵانی کوردستان بوو دوای ڕاپەڕین، بابەت وچیرۆکەکانی تایبەتن بە منداڵانی ئەم تەمەنە لە ڕووی پەروەردە و فێرکردنەوە.

گۆڤاری کۆلارە زۆربەی بابەتەکانی یان چیرۆکەکانی پەروەردەیی وفێرکردنە کە پێویستە قوتابیانی ئەم قۆناغە سودی لێوەربگرن، وەگۆڤارەکە لەڕووی دیزاینەوە زۆر جوان بوو کە دەتوانێت بەهۆیەوە سەرنجی منداڵان ڕابکێشێت بۆ خوێندنەوە هەر بابەتێکی باس کردبێت یان چیرۆکێک وێنەی بۆ داناوە بۆ ئەوەی بۆ منداڵان بەر چاو ڕوون بێت. یەکێک لە بابەتەکانی گۆڤارەکە باس لەوە دەکات (خۆتان لە سەرما بپارێزن) دەڵێت: (هەفتەی ڕابردوو کاتێک باران بەخوڕ دەباری،زۆر حەزم کرد چەترەکەم تاقی بکەمەوە بۆیە شاهۆی هاوڕێم بانگ کرد،گەرچی شاهۆ حەزی نەکرد بێتە دەرەوە وتی(ساردە نەخۆش دەکەوین) بەڵام دوای پارانەوەی زۆر ڕازی بوو بێتە دەرەوە.هەردووکمان بە جووتە زۆر گەڕاین و سوڕاینەوە بارانیش تا دەهات بە خوڕتر دەبوو تا وای لێهات لافاو هەڵسا، ئێمەش بە تەواوی تەڕ بووین ژێر چەترەکەم زۆر خۆش بوو بەڵام نەمانزانی کە ئەو گەشت و گەڕانە تووشی نەخۆشیمان دەکات. ئێستا هەردوکمان نەخۆش کەوتین ولە خوێندن دابڕاین هەموو ڕۆژێک دوو دەرزیشمان لێدەدرێت.ڕاستە چەترەکەم زۆر جوانە بەڵام جوانتر دەبوو ئەگەر بەباشی بەکارم هێنابا، ئێستا زانیم کە هەر چەند بەفر و باران پاک و جوان بن، دوو ئەوەندە زیانبەخش و مەترسیدار دەبن بۆ ئەو کەسانەی کە بێباکن لەسەرما و سۆڵەی زستان.) لەم چیرۆکەدا ئەوەی بۆ دەرخستووە باران و بەفر ئەوەندە جوان و دڵگیرە بەڵام گەر

خۆت نەپارێزیت دەبێتە هۆی نەخۆشی دابڕانێکی کاتی لە خوێندن و کار و چالاکیەکان.لەم گۆڤارەدا بەشێکی داناوە بۆ وێنە ڕەنگکردن و تەواو کردنی وێنەکە منداڵان لەم تەمەنەدا حەزی پێئەکەن.هەروەها بابەتێکی تری بەسوود لەم گۆڤارەیە باس کرابوو کە دەبێت منداڵانی لێ ئاگاداربکەینەوە کە دووربن لێی ئەویش(تەمبەڵی)یە دەڵێت:(وریابن وەک ئەو ژن و پیاوە تەمبەڵەتان لێنێت کە بەردەوام بەدەم خواردنەوە لە دیار تەلەفزیۆنن) بابەتێکی جوانی باسکردووە کە دەبێت منداڵان بەدوور بن لە تەمبەڵی چونکە دەبێتە هۆی ساردبونەوە لە ئامانجەکانیان و هەوڵنەدان بۆ ئەو ئاواتەی کە حەزیان لێیە. گۆڤارەکە پڕبوو لە بابەتی بەسوود کە دەتوانین لە ڕێگایانەوە منداڵەکانمان فێربکەین.

## ئەنجام

ئەم توێژینەوەیە، لەکۆتاییدا بەم چەند ئەنجامەی لای خوارەوە تەواو بوو

1. لێرەدا بۆمان ڕوون بۆوە گۆڤاری منداڵان پێداویستییەکی بنەڕەتی منداڵانە، هەربۆیە شتێکی نوێ نییە لە دونیایی مۆدێرندا؛ بەڵکو لە دێر زەمانەوە گۆڤاری منداڵان بوونی هەبووە وگرنگیەکی زۆری لە ژیانی منداڵاندا هەبووە، بەڵام لەئێستادا، گەر دڵسۆزان و خەمخۆران فریای نەکەون بایەخی خۆی ون دەکات لەنێو دونیای تەکنەلۆجیادا.
2. گۆڤاری منداڵان بە شێوەیەکی گشتی بریتییە لە هۆکارێک بۆ چێژ پێبەخشینی منداڵ و تێرکردنی حەز و خولیاکانی؛ لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت ببێتە هۆکاری بەرەو پێش بردنی منداڵان لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا گۆڕانکاری لە ڕوویی توانای قوتابییە لە گشت ڕەهەندەکانەوە.
3. ئەوە ڕوون بووەوە کە دەتوانرێت بەهۆی گۆڤاری منداڵان زیاتر قوتابییان ئارەزووی خوێندنەوە و نووسین بکەن، بۆیە پێویستە گۆڤاری منداڵان ڕەچاوی ئەم تایبەتمەندییە بکات.
4. گۆڤاری منداڵان لەنێو پرۆسەیی پەروەردە وفێرکردندا وەک لایەنێکی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری خۆی دەبینێتەوە کە ئامانجی زیاتر پەروەردەکردن و پێگەیاندنی قوتابییە، لەگشت ڕەهەندێکەوە.
5. گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە پێویستە گۆڤاری منداڵان لەشێوەی بڵاوکراوەیەکی چیرۆک ئامێز برەوی پێ بدرێت لەلایەن مامۆستایان بەگشتی و بازنەی یەکەم بەتایبەتی.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردییەکان


1. پێندرۆیی، محەمەد ساڵح (٢٠١١) کارگێڕی قوتابخانە و بەڕێوەبەری سەرکەوتوو، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات–هەولێر
2. پێندرۆیی، محەمەد ساڵح (٢٠٢٠) ١٤٠ کلیل بۆ سەرکەوتنی قوتابی لە قوتابخانە، چاپی چوارەم، چاپخانەی تاران–هەولێر
3. جاف، صباح علی (٢٠١١) پەروەردە و فێربوون، گرفت و گۆڕان، لەسەرئەرکی پەرلەمانتاری کوردستان (سالار مەحمود) لەچاپدراوە– کەلار.
4. حسن پوور، شاهۆ (٢٠١٣) ئارەزووی خوێندنەوە، چاپخانەی سەردەم،–سلێمانی.
5. حسن، محمد فەریق (٢٠١١) بەکلتورکردنی خوێندنەوە، چاپخانەی ئاراس.
6. حەسەن، بەکر کەریم (٢٠٠٨) سەرنجە پەروەردەییەکانم لەمەڕ پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن، چاپی یەکەم، چوارچرا– هەولێر
7. رسول، رسول ابراهیم (٢٠١٤) دەروازەیەک بۆ وانەوتنەوە، دەزگای چاپ و پەخشی نارین– سلێمانی
8. فەخر، نەسرین محمد (١٩٧٨) ڕێنووسی کوردی، بەغداد.
9. قادر، رەمەزان حەمەدەمین (٢٠٢١) ڕێگاکانی وانەوتنەوە شێوازە تیۆری و پراکتیکییەکان، چاپی سێیەم، چاپخانە تاران– هەولێر.
10. قەرەداغی، هۆمەر (٢٠١١) سیستمی فێرکاری، چاپی یەکەم، دەزگای سەردەم، سلێمانی
11. مام عەبدوڵلا، سامان (٢٠٢١) رێگای وانەگوتنەوە، دەزگای ڕوانگە–هەولێر
12. محمد، محمد احمد (٢٠٢١) رێگاکانی وانەگوتنەوە لە سەردەمی تەکنەلۆژیادا، چاپخانەی ماڵی راستی– هەولێر
13. محمد، ئیبراهیم قادر (٢٠١٥) شێوازە نوێیەکانی گوتنەوەی زمان، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات– هەولێر.
14. مستەفا، کەریم (٢٠٠٩) پلانی فێرکاری هاوچەرخ بۆ فێرگەی بنەڕەتی، ڕێکخراوی کۆمەک
15. ناوخۆش، سەلام و خۆشناو، نەریمان عبدالله (٢٠١٠) زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە–هەولێر.
16. یحیی، شنۆ (٢٠١٣) لە پەراوێزەکانی پەروەردە و فێرکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانیـ هەولێر.
17. حەسەن، فەرمان (٢٠٢٠) بنەماکانی نووسینی ئەکادیمی، چاپخانەی مێخەک، هەولێر


### سەرچاوە عەرەبییەکان


1. البجة، عبدالفتاح حسن (١٩٩٩) أصول تدريس اللغة العربية  بين النظرية و الممارسة الطبعة الأولى دار الفكر–عمان.
2. بربخ، فرحان حسن (٢٠١٢) المدرسه والمجتمع، دار اسامه للنشر والتوضيع، عمان–الاردن.
3. حسن، الشحاته، (١٩٩٣) تعليم اللغة العربية بين النظرية والتطبيق،  دار المجربة البائية/قاهرة.
4. الطحان، مصطفى محمد، (٢٠٠٦) التربية و دورها في تشكيل السلوك، دار المعرفة، بيروت – لبنان.
5. عدس، محمد عبدالرحيم (٢٠٠٠) كيف يتعلم الأطفال، الطبعة الأولى دار الفكر–عمان.
6. على، سعيد اسماعيل (٢٠٠٧) اصول التربيه العامه، دار المسيره، عمان–الاردن.
7. موسي، فؤاد محمد (٢٠٠٧) علم مناهج التربية، الأسس العناصر– مهارات وتطبيقات،  دارالكلمة للنشر و التوزيع، الطبعة الأولى، بيروت – لبنان.

## گۆڤار


1. عارف، حەمەکەریم (٢٠١٠) ئەدەبییاتی منداڵان و نەوجوانان، گۆڤاری گزنگ، ژمارە ٨٦، کەرکوک


## سەرچاوەی ئینتەرنێت


2. ڕێبوار، هونەر (٢٠١٩) منداڵان چەند کاژێر سەیری تەلەفزیۆن و ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان بکەن؟ لینکی ئینتەر نێت: منداڵان چەند کاژێر سەیری تەلەفزیۆن و ئامێرە... | ڕووداو.نێت(rudaw.net)
3. زێڕە، هیوا (٢٠١٩) منداڵ و تەکنەلۆژیا، لینکی ئینتەرنێت: منداڵ و تەکنەلۆژیا(sharpress.net)
4. یوسف، وەلید (٢٠٢٢) پەروەردە و فێرکردن لە کوردستان لە مەترسیدایە ،لینکی ئینتەرنێت: https://kurdipedia.org/default.aspx?q=20220515111716414025
5. شوان، ڕەزا (٢٠٢١) ئەدەبی منداڵان، لینکی ئینتەرنێت: https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=194535

## پاشکۆ

زۆر بەڕێز مامۆستا هەڵگورد جوندیانی..                    سڵاوتان لێبێت و ئەمکاتەتان باش

ئێمە کە لەخوارەوە ناومان هاتووە، دوو قوتابین لەقۆناغی چوارەمی بەشی زمانی کوردی/ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی/ زانکۆی سەلاحەددین هەولێر، وەک یەکێک لەپێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لەزمان و ئەدەبی کوردی، ئەرکدارین بەئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستی پەروەردەیی. بۆ ئەم مەبەستە لەژێر ناوی (گرنگی گۆڤاری منداڵان لەهاوکاری قوتابییانی بازنەی یەکەم بۆ باشتر فێربوونی خوێندنەوەو نووسین (چەند گۆڤارێک) بەنموونە بەسەرپەرشتی مامۆستا نظام حسن رشید، توێژینەوەیەک ئەنجام دەدەین. هەروەک لەناونیشانەکەدا هاتووە، نموونەکەمان چەند گۆڤارێکی منداڵانە. بەو پێیەی بەڕێزتان کەسێکی دیاری نێوز دونیای ئەدەبیات و بەرهەمی منداڵانن، ئێمەش ویستمان بە توێژینەوەیەکی پەروەردەیی و زانستی خزمەت بەو دونیایەی منداڵان بکەین. بەم هۆکارەوە، ئەم چەند پرسیارەی لای خوارەوەمان هەیە، سوپاستانەکەین، ئەگەر وەڵاممان بدەنەوە. بەدڵنیاییەوە وەڵامی بەڕێزتان دەبێتە سەرچاوە بەمیتۆدی چاوپێکەوتنی فەرمی هەژماری دەکەین. بۆ ئەم مەبەستە بەئەرک نەبێت، ناوی سیانی خۆی بنووسێت، تاکو ئێمە وەک زمانحاڵی گۆڤارەکان، ناوتان بهێنین.

لەگەڵ ڕێزماندا

1. بەڕێزتان وەک و کەسێکی دیاری دونیای گۆڤاری منداڵان دەکرێت بە چەند دێرێک خۆتان بناسێنن ؟
2. دەکرێت بەڕێزتان ئاماژە بەوە بکەن کە چەند ساڵ ئەزموونی ئەم کارەتان هەیە ؟
3. ئەو گۆڤارانە چین کە بەڕێزت ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ڕۆڵت هەبوە لە دەرهێنانیان ؟
4. بەڕێزتان گۆڤاری منداڵان چۆن دەناسێنن؟
5. ئایا گۆڤاری منداڵان چ لایەنێک زیاتر پەرەپێدەدات؟ لەمنداڵاندا.
6. تا چەندە گۆڤاری منداڵان پاڵپشتە لە فێربونی قوتابی لە قۆناغە سەرەتایەکانی خوێندن؟ فێربوونی زمانی دایک بەنموونە.
7. ئایا لەئێستادا، گۆڤاری منداڵان بایەخی خۆی لەدەست نەداوە، لەنێو دونیای ئینتەرنێت و ئامێرە ئیلیکترۆنییەکان؟

زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر

University of Salahaddin

**گرنگی گۆڤاری منداڵان لەهاوکاری قوتابییانی بازنەی یەکەم بۆ باشتر فێربوونی خوێندنەوەو نووسین (چەند گۆڤارێک) بەنموونە**

ئێکۆڵینەوەیەکی دەرچوونە، لەبواری پەروەردەیی

پێشکەش بەکۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، بەشی زمانی کوردی، کراوە

وەک بەشێک لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردی

ئامادەکردنی لەلایەن قوتابییان

عبدالسمیع قادر حسن                    سامڕەند مخلص عبدالله

بەسەرپەرشتی

م. نظام حسن رشید